# پڕۆژەی
# یاسای پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان - عێراق
# ژمارە (   )ی ساڵی 2015

## دەروازەی یەکەم
## پێناسەکان

**ماددەی 1**

مەبەستی ئەم یاسایە لەم ووشەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

3- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم.

4- وەزارەت: وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمدا.

5- وەزیر: وەزیری پەروەردە لە هەرێمدا.

6- ئەنجومەنی وەزارەت: ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە.

7- ئەنجومەنی پەروەردە: ئەنجومەنی پەروەردەو فێرکردن لە پارێزگاو ئیدارەکانی دیکە.

8- ئەنجومەنی باوکان و مامۆستایان: ئەنجومەنی باوکان و مامۆستایان لە قوتابخانەو پەیمانگەکاندا.

9- ئەنجومەنی قوتابیان: ئەنجومەنی قوتابیان لە قوتابخانەو پەیمانگەکاندا.

10- باخچەی ساوایان: ئەو قۆناغە ناسیستەماتیکەیە کە پێشوازی لە منداڵانی تەمەن (چوار تا پێنج) ساڵان دەکات بەر لە قۆناغی فێرکردنی بنەڕەت.

11- فێرکردنی بنەڕەت: یەکەمین قۆناغی فێرکردنی سیستەماتیکی زۆرەکییە لە هەرێمدا، و ماوەکەی نۆ ساڵی خوێندنە.

12- فێرکردنی ئامادەیی: ئەو قۆناغەی فێرکردنە کە لە دوای فێرکردنی بنەڕەت دەست پێدەکات و ماوەکەی سێ ساڵی خوێندنە.

13- قوتابخانە: قوتابخانەکانی فێرکردنی بنەڕەت و ئامادەیی.

14– پەیمانگە: بنكەی فێركاریی پیشەیین ماوەی خوێندن تیایاندا لـە دوای قۆناغی بنەڕەت پێنج ساڵـە یان لـە دوای ئامادەیی دوو ساڵە.

15– قوتابی: هەر فێرخوازێكی ڕێكخراو لـە قوتابخانەو پەیمانگەدا بەگوێرەی ئەم یاسایە.

16– گەورە: سەرجەم هاوڵاتیانی هەرێم ئەوانەی تەمەنی هەژدە ساڵیان تێپەڕاندووە بێ ئەوەی لـە یەكێك لـە قۆتابخانەكانی بنەڕەت، ئامادەیی یان پەیمانگەكاندا تۆمار كرابن.

17– مامۆستا: هەر كەسێكی خاوەن بڕوانامەیەكی لێهاتوو هەڵبستێت بە وانەووتنەوە لـە دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكانی هەرێم بەپێی یاسا.

18– بەڕێوەبەری قوتابخانە: ئەو كەسەی ئەركی بەڕێوەبردنی قوتابخانەی پێ دەسپێردرێت.

19– یاریدەردەری بەڕێوەبەر: هەر كەسێك وەك یاریدەردەری بەڕێوەبەری قوتابخانە رابسپێردرێت.

20– رابەری پەروەردەیی: ئەو كەسەی بە ئەركی ڕێنوێنیكردنی پەروەردەیی قوتابیان راسپێردراوە لـەوەی پەیوەستە بە تەنگ و چەڵـەمەو كێشە كۆمەڵایەتییەكانیان.

21– رابەری خوێندن: هەر كەسێك بە ئەركی یارمەتی و ڕێنوێنیكردنی قوتابیان راسپێردرابێت لـەوەی پەیوەستە بە خوێندن و بەردەوامبوون لـەسەری و دەرفەتەكانی كار لـەدوای دەرچوون.

22– سەرپەرشتیاری پەروەردەیی: ئەو كەسەی بە چاودێریی و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی پرۆسەی فێركردن لـە قوتابخانەدا راسپێردراوە.

23– پرۆگرامی فێركاریی: لـەو بەها بنەڕەتییانە پێكدێت كە پرۆسەی پەروەردەو فێركردنی لـەسەر بونیات دەنرێت، لـەگەڵ ئامانجەكانی هەر وانەیەكی خوێندن، و ئەو ئامانجانەی پێویستە لـەسەر قوتابخانە بۆ قوتابی مسۆگەریان بكات و هێڵە سەرەكییەكانی پرۆگرامی خوێندنی هەر وانەیەك بەپێی ئەوەی لـەم یاسایەدا هاتووە.

24– پرۆگرامی خوێندن: پرۆگرامێكە دەربارە هێڵـە سەرەكییەكانی هەر وانەیەكی خوێندن كە لـە لایەن وەزارەتەوە بڕیاری لـەسەر دەدرێت.

25– بەخێوكار: ئەو كەسەیە چاودێریكردنی قوتابی لـە ئەستۆ گرتووە.

26– پەروەردەی تایبەت: كۆمەڵێك پرۆگرامی پەروەردەیی تایبەتی پسپۆڕە كەوا پێشكەشی قوتابیانی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەكان دەكرێت لـە پێناو یارمەتیدانیان بۆ پەرەپێدانی تواناكانی خوێدنیان و گەیشتن بە ئامانجەكانی خوێندن.

27– پەروەردەو فێرکردن: بریتیە لە پرۆسەی خوێندنی ئەنجامدراو بەگوێرەی بەرنامەی فێرکاریی و پرۆگرامەوەو لەژێر سەرپەرشتی مامۆستا بە مەبەستی فێرکردن و گەشەکردن لە رێی بەدەستهێنانی زانست و بونیاتنانی بەهاکانەوە، پرۆسەکەش خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی دەقەکان لەخۆ دەگرێت.

28– پەروەردەی مەدەنی: لە وانەیەکی خوێندن پێکدێت تیشک دەخاتە سەر بەشداریکردن لە بونیاتنانی تاکێکی سەربەخۆ کەوا هەڵگر بێت بۆ ستاندەرەکانی هاولاتیبوون و بەها مرۆییە بالاکان وەك مافی مرۆڤ، دیموکراسی، پاراستنی ژینگە، ... هتد.

29– قوتابخانەی حکومی: ئەو قوتابخانانەن کەوا لە لایەن حکومەتەوە بەرێوە دەبرێن.

30– قوتابخانەی ناحکومی: ئەو قوتابخانانەن کەوا لە لایەن رێکخراو یان کۆمپانیای فێرکاریی بەرێوە دەبرێت پاش وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی پەروەردە.

31– ناوەندیی سەرپەرشتی و هەڵسەنگاندن: ناوەندێکی سەربەخۆیە بۆ سەرپەرشتی کردنی رێرەوی پەروەردەو فێرکردن و هەڵسەنگاندنیان، وە لەژێر چاودێری سەرۆکایەتی وەزیرانەوە دەبێت.

## دەروازەی دووەم

## پرنسیپە گشتییەکان، ئامانج و بنەماکان

### ماددەی 2

1– فێرکردن مافێکی مسۆگەرکراوو بێ بەرامبەرە بۆ سەرجەم هاولاتیان لە قوتابخانەو پەیمانگە حکومییەکاندا، و بێ بەشکردنی هەر تاکێك لەم مافە بەبێ جیاکاری قەدەغە دەکرێت.

2– مافی فێربوون بۆ سەرجەم هاولاتیان بە زمانی دایك لە سەر بنەمای یەکسانی لە نێوان گشت مندالانی قوتابخانەکاندا بەبێ جیاکاریی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایەو رێنمایی وەزارەت مسۆگەر دەکرێت.

3– زمانی کوردی زمانی فێرکردنی فەرمییە لە گشت قۆناغەکانی خوێندن و لەسەرجەم قوتابخانەکاندا جگە لەو قوتابخانانەی خوێندن تیایاندا بە زمانێکی دیکەیە.

4– دەکرێت هەر زمانێکی جیهانیی ببێتە زمانی وانەووتنەوە لە هەندێك قوتابخانەدا ئەویش پاش رەزامەندی وەزارەت بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایەو رێنمایی وەزارەت.

5– خوێندن لە قۆناغی فێرکردنی بنەرەت زۆرەکییە، تەنها ئەگەر بەربەستێکی پزیشکی هەبێت بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

6- بەکارهێنانی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی و مەعنەوی لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا قەدەغەیە دەکرێت و ڕێگە نادرێت بە بەکارهێنانی سەرجەم شێوەکانی سووکایەتی پێکردن و لە حاڵەتی سەرهەڵدانی ئەم حاڵەتانە پێویستە دەستبەجێ چارەسەر بکرێن.

7- پێویستە خوێندن و فێرکردن لە سەرجەم قوتابخانەکاندا خاوەن یەك بەهاو نموونەی بەرز بێت.

8- قوتابی تەوەری بنەڕەتییە لە پرۆسەی فێرکارییدا.

9- داواکردنی هەر رسوماتێك یان برێك بۆ هەر کاروبارێکی پەیوەست بە فێرکردن قەدەغە دەکرێت.

## ماددەی 3

ئامانجی خوێندن بریتیە لە:

1- فێرکردن و گەشەپێدان و بونیاتنانی بەهاکان.

2- هاوکاریکردنی قوتابی بۆ دەستەبەرکردنی زانست و بەهای مرۆیی وەك دیموکراسی، ئاشتی، پیرۆزی ژیان، یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان، ڕێزگرتنی ئایینەکان، ئازادی تاکەکەس، مافی مرۆڤ، پێکەوەژیانی ئاشتەوایی، و پاراستنی ژینگە.

3- پاڵپشتیکردنی قوتابی بۆ گەشەپێدانی تواناکانی تاوەکو ببنە هاوڵاتی داهێنەرو چالاك و خاوەن کەسایەتی سەربەخۆ.

4- گەشەپێدانی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری بکەن لە بازاڕی کارو پێشکەوتنی هەرێم.

5- ئامادەکردن و هاندانی قوتابیان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن لە قۆناغی بەرزتر.

6- نەهێشتنی نەخوێندەواری.

## ماددەی 4

بنەما فەلسەفییەکان:

1- تێڕوانین بۆ قوتابی وەك تاکێکی خاوەن ویستی فێربوون و توانای داهێنان و شیکردنەوەو مافی ڕێزلێگرتنی هەیە.

2- پیادەکردنی مافەکانی منداڵ بەگوێرەی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و مسۆگەر کردنی مافەکانی قوتابیان.

3- کارکردن بە گوێرەی پلانی بەرنامە بۆداڕێژراو دوور کەوتنەوە لە مەزاجیەت لە بڕیارەکاندا.

4- ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و خەباتکردن دژ بە ڕەگەزپەرستی و دەمارگیریی.

5- یەکسانی نێوان نێرو مێدا.

## دەروازەی سێیەم

## باخچەی ساوایان

### ماددەی 5

باخچەی ساوایان قۆناغێکی پێش قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتەو دەبێتەو ڕێگەخۆشکار بۆی، وە منداڵان لە تەمەنی (چوار تا پێنج) ساڵیدا پەیوەندی پێوە دەکەن، ئەم قۆناغەش نابێتە مەرج بۆ چوونە نێو قۆناغی فێرکردنی بنەڕەت.

### ماددەی 6

ئامانجی باخچەی ساوایان بریتیە لەمانەی خوارەوە:

1- کارکردن لەسەر کرانەوەی کەسایەتی منداڵ لە ڕێگەی تێکەڵبوون لە ژینگەیەکی بەکۆمەڵ لە دەرەوەی خێزان و ئەنجامدانی چالاکی فێرکاریی و حەوانەوە لە تەمەنێکی زووەوە.

2- وەدەستهێنانیان بۆ توخمەکانی بەرایی خوێندنەوەو نووسین و بیرکاری لە ڕێگەی چالاکی سەرنج ڕاکێش و یاری گونجاودا.

3- هەستاندنەوەی هەستی جوانیی و هونەری لە لایاندا.

4- هەستپێکردنی ئەندامەکانی جەستەو وەدەستهێنانی لێزانیی جولەیی.

5- بەشداریکردن لە ڕاهێنانی هەنگاو بەهەنگاو بۆ منداڵ لەسەر دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی.

6- ئامادەسازکردنی منداڵان بۆ خوێندن لە قوتابخانەکانی فێرکردنی بنەڕەت.

7- کارکردن لەسەر گەشەپێدانی توانا زمانەوانییەکانی منداڵان بە دابینکردنی پڕۆگرام و کەرەستەی فێرکاری بۆ بەهێزکردنی لێزانیی زمانەوانییان وەك زمانی دایك و زمانەکانی دیکەی نێو پڕۆگرامی خوێندندا.

### ماددەی 7

1- هەر منداڵێك لە کاتی تۆمارکردنیدا تەمەنی چوار ساڵی تەواو کردبێت یان لە سی و یەکەی مانگی کانونی یەکەمی ئەو ساڵەدا بێت، و تەمەنی شەش ساڵی تێنەپەڕاندبێت ئەوا مافی وەرگرتنی هەیە لە باخچەی ساوایاندا.

2- ماوەی چالاکی ڕۆژانەی منداڵانی باخچەی ساوایان لە پێنج کاژێر کەمتر نابێت.

3- دەکرێت ماوەی چالاکی ڕۆژانەی منداڵانی باخچەی ساوایان بۆ حەوت کاژێر زێدە بکرێت ئەگەر باوك و دایك لەیەك کاتدا کاربکەن، ئەویش بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە پارێزگادا.

### ماددەی 8

دەکرێت لە کاتی پێویستیدا باخچەی ساوایان پاشکۆ بێت بۆ قوتابخانەی بنەڕەت و بیناو بەشەکانی دیکەی بەکار بهێنێت بەو مەرجەی شێوازو بەرنامەی تایبەت پێیانەوە پەیرەو بکرێن.

### ماددەی 9

وەرگرتن لە باخچەی ساوایاندا بەگوێرەی ئەم پێشێتییەی خوارەوە دەبێت:

1- نزیکی ماڵی منداڵ لە باخچەی ساوایان.

2- منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت.

3- منداڵێك خاوەن دایك و باوكێك بێت كەوا لەیەك كاتدا كار دەكەن.

4- ئەو منداڵانەی لە ناوچەی نیشتەجێبوونی دیكەدا دێن.

### ماددەی 10

بەچاوپۆشین لە مۆرکی نازۆرەکی باخچەی ساوایان، پێویستە لەسەر وەزارەت پەرەیان پێبدات و پاڵپشتی و گشتاندنیان بۆ بکات بە پشت بەستن بە دامەزراوە حکومی و تایبەتەکان.

### ماددەی 11

ژمارەی منداڵانی هەر گروپێك لە باخچەی ساوایاندا پێویستە گونجاو بێت لەگەڵ مسۆگەر کردنی ژینگەیەکی باش.

### ماددەی 12

نرخی کورسییەکی باخچەی ساوایان پێویستە گونجاو بێت تاوەکو کار نەکاتە سەر ژیانی ئابوری خێزانی خاوەن داهاتی مامناوەند، و پێویستە لەسەر وەزارەت لەم بارەیەوە ڕێنمایی دەربکات.

## دەروازەی چوارەم

## فێرکردنی بنەڕەت

### ماددەی 13

فێرکردنی بنەڕەت مافێکە بۆ ئەو منداڵانەی بەر لە تەواو بوونی ساڵی مەبەست دەگەنە تەمەنی شەش ساڵی تیایدا، حکومەتیش پابەند دەبێت بە دابینکردنی بۆیان بەبێ بەرامبەر، وە بەخێوکاری منداڵ بۆی نیە منداڵەکانی لەم مافە بێ بەش بکات.

### ماددەی 14

ئامانجەکانی فێرکردنی بنەڕەت بریتین لە:

1- قوتابخانەکانی فێرکردنی بنەڕەت کاردەکەن لەسەر یارمەتیدانی قوتابیان لە پێناو وەدەستهێنانی زانست و گەشەپێدانی تواناکانیان، بۆ ئەوەی ئامادەیان بکات بۆ بەشداریکردنی کاریگەری لە هەڵبژاردنی شێوازی ژیانیان و ئامادەباشییان هەبێت بۆ بەردەوامبوون لە خوێندندا.

2- پێدانی کەرەستەکانی فێربوونی بنەڕەت، کە بریتین لە خوێندنەوەو نووسین و زانستەکان، بە قوتابیان.

3- هاندانی گیانی دەسپێشخەری و رەنجدان و پشوودرێژی و هێزی خۆڕاگریی لە لایان.

4- گەشەپێدانی لێزانییە بنەڕەتیە جۆراوجۆرەکان، بە تایبەتیش لێزانیی زمانەوانیی و ژمارەیی و هونەری، و لێزانیی جولەیی.

5- فێربوونی پرنسیپەکانی پەروەردەی مەدەنی و هاوڵاتیبوون و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ.

**ماددەی 15**

ساڵ و وەرزەکانی خوێندن:

1- ساڵەکانی خوێندنی بنەڕەت لە (9) نۆ ساڵ پێکدێت، کە پۆلەکانی (1) تا (9) لە خۆ دەگرێت.

2- هەر ساڵێکی خوێندن لە وەرزی پایزو وەرزی بەهار پێکدێت، وە هەر ساڵێکی خوێندن، بەلای کەم، (180) رۆژی خوێندن لەخۆ دەگرێت، بەجۆرێك هەر هەفتەیەکی خوێندن، بەلای کەم، لە (24) کاژێری خوێندن پێکدێت.

**ماددەی 16**

ئەم قۆناغە یەکەمین قۆناغەکانی فێرکردنی سیستەماتیك لە هەرێمدا پێکدەهێنێت، و ئەم قۆناغەش دابەش دەبێتە سەر سێ زنجیرەی خوێندن، کە بریتین لە:

**زنجیرەی یەکەم:**

پۆلەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم)ی فێرکردنی بنەڕەت لەخۆ دەگرێت، وە لە سەرجەم قوتابخانەکانیدا سیستەمی مامۆستای وەرز پیادە دەکرێت، وە لە ژێر ئەم سیستەمەدا یەك مامۆستا زۆربەی وانەکان دەڵێتەوە جگە لە زمانی ئینگلیزی، پەروەردەی هونەری، پەروەردەی مۆسیقا، و پەروەردەی وەرزشی.

قوتابیانی زنجیرەی یەکەم پسوولەی هەڵسەنگاندن وەردەگرن نەوەك بڕوانامەی نمرەکان.

لەم زنجیرەیەدا دەکرێت لە هەر پۆلێك سوود لە دوو مامۆستا ببینرێت.

**زنجیرەی دووەم:**

پۆلەکانی (چوارەم و پێنجەم و شەشەم)ی فێرکردنی بنەڕەت لە خۆ دەگرێت، وە لە قوتابخانەکانیدا سیستەمی مامۆستای وانە پیادە دەکرێت، بە جۆرێك هەر وانەیەکی خوێندن لە لایەن مامۆستایەکی پسپۆڕی ئامادەساز لە ڕووی پەروەردەییەوە دووتریتەوە.

قوتابیانی زنجیرەی دووەم بڕوانامەی نمرەکان وەردەگرن.

**زنجیرەی سێیەم:**

پۆلەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی قۆناغی بنەڕەت لە خۆ دەگرێت، و لە قوتابخانەکانیدا سیستەمی مامۆستای وانە پیادە دەکرێت، بە جۆرێك هەر وانەیەکی خوێندن لە لایەن مامۆستایەکی پسپۆڕی ئامادەساز لە ڕووی پەروەردەییەوە دەوترێتەوە.

قوتابیانی زنجیرەی سێیەم بڕوانامەی نمرەکان وەردەگرن.

## ماددەی 17

1- وانەکانی خوێندن:

پێویستە لەسەر ئەوەی بە سەرکەوتوویی قۆناغی بنەڕەت تەواو دەکات ئەم وانانەی خوارەوەی خوێندبێت:

کوردی.

عەرەبی.

ئینگلیزی.

بیرکاری.

زانست (فیزیا، کیمیا، زیندەوەرزانی).

جوگرافیا.

کۆمەڵایەتییەکان.

ماف.

ئایین.

زانستی کۆمپیوتەر.

هونەر.

وەرزش.

مۆسیقا.

2- وەزارەت دەسەڵاتی هەیە وانەی دیکە بخاتە نێو پرۆگرامی خوێندنەوە.

3- پێویستە لەسەر وەزارەت ڕێنمایی دەربارەی دیاریکردنی کاژێرەکانی خوێندنی هەر وانەیەك و ساڵەکانی دەسکردن بە هەر وانەیەك دەربکات بەو شێوەیەی گونجاوە لەگەڵ زنجیرەی خوێندن لە چوارچێوەی پرۆگرامی فێرکردنی بنەڕەتدا.

**ماددەی 18**

قوتابی مافی هەیە، سەرەڕای سەرنەکەوتنیشی لە سەرجەم وانەکاندا، بۆ پۆلێکی بەرزتر بەردەوام بێت، و پێویستە لەسەر وەزارەت ڕێنمایی لەم بارەیەوە دەربکات لە چوارچێوەی پرۆگرامی فێرکردنی بنەڕەتدا.

**ماددەی 19**

فێرکردنی زۆرەکیی:

1- فێرکردن لە قۆناغی بنەڕەتدا زۆرەکییە.

2- بەخێوکاری منداڵ بۆی نیە بەبێ پاساوێکی ڕەوا منداڵەکەی نەباتە قۆناغی فێرکردنی زۆرەکیی، وە لە حاڵەتی نەبوونی ئەم جۆرە پاساوە پێویستە لەسەری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا بەر لە دەسپێکی ساڵی خوێندن ئاگادار بکاتەوە.

3- بەخێوکاری قوتابی لە ماوەی پابەندبووندا پابەند دەبێت بە ئاگادار کردنەوەی پەروەردەی قەزا بە هەر گۆڕانکارییەکی شوێنی نیشتەجێبوونی یان ناونیشانی.

4- پێویستە لەسەر وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمدا، لە ماوەیەك کە لە کۆتایی مانگی ئابی هەر ساڵێك تێپەڕ نەکات چەند لیستێك بە ناوەی ئەو منداڵانەی لە تۆمارەکانی تۆماری گشتیدا تۆمارکراون لەوانەی بەر لە 12/31ی ئەو ساڵەدا دەگەنە تەمەنی پێنج ساڵی، بداتە وەزارەتی پەروەردە.

5- وەزارەت پەیوەندی پێکردنی ئەو منداڵانەی فێرکردنی زۆرەکیی دەیانگرێتەوە لە ئەستۆ دەگرێت، و بەخێوکاری منداڵەکە بە نووسراوێکی تۆمارکراو بە ناوی قوتابخانەو مێژووی تۆمارکردن و بەڵگەنامە پێویستەکان، و کاتی دەسپێکردنی خوێندن، بە لای کەم، بە دوو مانگ بەر لە دەسپێکی ساڵی خوێندن، ئاگادار دەکرێتەوە.

6- منداڵ لە پابەندبوون بە فێرکردندا دەبوردرێت ئەگەر تووشی نەخۆشییەك یان کەمئەندامییەك هاتبێت ڕێگر بێت لە خوێندن لە قوتابخانەکانی فێرکردنی گشتیدا کاتێك لە شوێنێکی نزیك فێرکردنی تایبەت بە حاڵەتەکەی دەست ناکەوێت.

7- لێبووردن لە هەموو حاڵەتێکدا بە بڕیاری بەڕێوەبەری پەروەردەوە دەبێت.

8- بەخێوکاری منداڵ بۆی هەیە لەسەر تێچوونی خۆی منداڵەکەی بنێرێتە قوتابخانەیەکی ناحکومی لە هەمان ئاستی خوێندنی قوتابخانەکانی فێرکردنی زۆرەکی، بەو مەرجەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا لە ناوی قوتابخانەکە، بەلای کەم، بە یەك هەفتە بەر لە دەسپێکردنی ساڵی خوێندن، ئاگادار بکاتەوە.

9- بەخێوکاری ئەو منداڵەی بەبێ پاساوێکی شیاو ڕێگر دەبێت لە ناردنی منداڵەکەی بۆ قۆناغی فێرکردنی زۆرەکی بە غەرامەیەك سزا دەدرێت کە لە (2.000.000) دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت، وە لە حاڵەتی دووبارە کردنەوەدا غەرامەکە دووجا دەکرێت.

## ماددەی 20

ئەگەر قوتابی تەمەنی هەژدە ساڵی تێپەڕاند بەبێ تەواوکردی خوێندنی فێرکردنی زۆرەکی بە سەرکەوتوویی مافی نیە بەردەوام بێت لە قوتابخانەکانی فێرکردنی زۆرەکی، لەو کاتەشدا بڕوانامەیەکی پێ دەدرێت کەوا ئەو ئاستەی خوێندنی پێی گەیشتووە دەخاتە روو، و پێویستە لەسەر وەزارەت دەرفەتی پێبدات بۆ ئەوەی پەیوەندی بکات بە قوتابخانەکانی فێرکردنی گەوران یان قوتابخانەکانی فێرکردنی خێراکراو لە ئاستی گونجاودا.

## ماددەی 21

بڕوانامەی تەواوکردنی فێرکردنی بنەڕەت لە لایەن وەزارەتەوە دەبەخشرێت دوای ئەوەی قوتابی تاقیکردنەوە نیشتیمانییەکانی ئەنجامدراو بۆ ئەم مەبەستە لە کۆتایی پۆلی نۆیەمدا تێدەپەڕێنێت، و ناودەنرێت بە "بڕوانامەی فێرکردنی بنەڕەت".

# دەروازەی پێنجەم

# فێرکردنی ئامادەیی

## ماددەی 22

قۆناغی فێرکردنی ئامادەیی قۆناغی بونیاتنانی پسپۆڕییەو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیارییە لە لای قوتابی لە لایەنی زانستی و هونەری و کۆمەلأیەتی لە پێناو بەردەوامی خوێندن یان هەڵسان بە پیشەیەکی دیاریکراو بەگوێرەی پسپۆڕییەوە.

## ماددەی 23

ئامانجەکانی فێرکردنی بنەڕەتی بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- بەتواناکردنی قوتابی لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی زانستی و قوڵکردنەوەی گیانی توێژینەوەو تاقیکردنەوەو بەدواداچوون پرۆگرامانەو بەکارهێنانی سەرچاوەو ڕاهاتن لەسەر ڕێگەکانی خوێندنی هاوچەرخ.

2- ڕەخساندنی دەرفەت لەبەردەم قوتابیانداو ئامادەکردنیان بۆ درێژەدان بە خوێندن بە جۆرەها ئاستەکانی لە زانکۆو پەیمانگە پسپۆڕەکاندا.

3- بناء القدرات العلمية والمهنية لدى الطلبة للاستمرار في الدراسة لغرض البدء بالدراسة في الجامعات والمعاهد وتقوية سوق العمل.

4- صياغة بنية رصينة لتنمية الشخصية والمشاركة الفعالة في الحياة الاجتماعية والتشجيع على التعايش الاجتماعي.

5- الاستمرار على العلوم والمعرفة التي تحصل عليها الطالب في المرحلة الأساس وتطوير قدرات الطالب لكي يتعمق في العلوم بصورة مستقلة أو مع أشخاص آخرين وإعطائه الدقرة على استخدام هذه العلوم.

6- استعداد لحياة الشيخوخة ووضع أساس لحياة العمل المستقبلي.

### ماددەی 24

قوتابی پەیوەندی بە قۆناغی ئامادەییەوە دەكات، پاش ئەوەی بەسەركەوتوویی قۆناغی فێركردنی بنەڕەت تێدەپەڕێنێت، ئەم قۆناغەش بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە دابەش دەبێت:

1- ئامادەیی ئەكادیمی:

هەر سێ پۆڵەكانی (10، 11، 12) لە خۆ دەگرێت و لە سەرەتای (پۆڵی دەیەم) قوتابی بەشی زانستی یان وێژەیی هەڵدەبژێرێت، و لە كۆتایی پۆڵی (دوازدەم)دا قوتابی تاقیكردنەوە نیشتیمانییەكان ئەنجام دەدات.

2- ئامادەیی پیشەیی:

سێ پۆڵی دوای قۆناغی بنەڕەت لە خۆ دەگرێت كە قوتابی ئامادەساز دەكات بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی ئامادەیی پیشەیی پسپۆڕ بە مەبەستی كاركردن یان بەردەوامبوون لە خوێندن لە پسپۆڕییە هاوچەشنەكاندا بەگوێرەی بازاری كارەوە.

3- وەزارەت دەسەڵاتی كردنەوەی بەشی دیكەی هەیە لە قوتابخانە ئامادەییەكاندا.

### ماددەی 25

ساڵی خوێندن لە هەردوو وەرزی پایزو بەهار پێكدێت، وە پێویستە دەوامی فەرمی، بەلای كەم، ماوەی 180 رۆژی لەخۆ بگرێت، و كاژێرەكانی خوێندن لە 24 كاژێر كەمتر نەبێت.

### ماددەی 26

وەزارەت بەرپرسە لە دابینكردنی دابینكردنی خوێندن بۆ قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە رێگەی دامەزراندنی مامۆستای پسپۆڕەوەو لە رێگەی دیكەی گونجاودا.

### ماددەی 27

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەكان هەڵدەستێت بە بەستنەوەی خوێندنی ئامادەیی بە بازاڕی كار لە لایەك، و بە خوێندنی باڵاوە لە لایەكەی تریدا.

### ماددەی 28

پڕۆژەی ئامادەیی:

1– یەکێك لە وانەکانی ئامادەیی لە (پرۆژەی ئامادەیی) پێکدێت و قوتابی لە ماوەی پۆلی یازدەم یان دوازدەم بۆ ماوەی (100) کاژێری خوێندندا کار دەکات لەسەر بەئەنجام گەیاندنی.

2– ئەو قوتابیەی پرۆژە تەواو نەکات نمرە کۆتاییەکانی بەدەست ناهێنێت.

3– دەکرێت یەك قوتابی یان دوو تا چوار قوتابی لە یەك پرۆژەدا بەشداربن. وە نمرەی بڕیاردراو لەسەر پرۆژەکە سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی قوتابی دیاری دەکات.

4– پێویستە پرۆژە لێتوێژینەوەی مەیدانی تیایدا بێت.

5– وەزارەتی پەروەردە بەرپرسە لە دەرکردنی ڕێنمایی و ڕێکخستن و پێشکەشکردنی زانیاری پێویست دەربارەی بابەتی پرۆژەی ئامادەیی.

## ماددەی 29

1– ئەو وانە سەرەکییانەی پێویستە لە بەشی زانستیدا بخوێندرێن:

زمانی کوردی.

زمانی عەرەبی.

زمانی ئینگلیزی.

بیرکاری.

فیزیا.

کیمیا.

زیندەوەرزانی.

ماف و پەروەردەی مەدەنی.

زانستی کۆمپیوتەر.

وەرزش.

هونەر.

2– ئەو وانە سەرەکییانەی پێویستە لە بەشی ویژەییدا بخوێندرێن:

زمانی کوردی.

زمانی عەرەبی.

زمانی ئینگلیزی.

بیرکاری.

وەرزش.

زانستی ئایینەکان.

کۆمەڵایەتییەکان.

ماف و پەروەردەی مەدەنی.

مێژوو.

جوگرافیا.

هونەر.

مۆسیقا.

3- ئەو وانە سەرەکییانەی پێویستە لە بەشە پیشەییەکاندا بخوێندرێن:

زمانی کوردی.

زمانی عەرەبی.

زمانی ئینگلیزی.

بیرکاری.

فیزیا.

کیمیا.

وەرزش.

4- وەزارەت مافی هەیە هەر وانەیەکی دیکە زێدە بکات.

5- لەسەر ئەستۆی وەزارەتە رێنمایی دەربکات بۆ دیاریکردنی کاژێرەکانی خوێندن بۆ هەر وانەیەك و بۆ هەر ساڵێك بەو شێوەیەی لەگەڵ بەش و ساڵی خوێندندا گونجاوە، ئەویش بەر لە کۆتایی مانگی پێنج.

**ماددەی 30**

قوتابی، سەرباری دەرنەچوونی لە سەرجەم وانەکان، مافی هەیە بۆ پۆلی (11) و (12) بەردەوام بێت. پێویستە لەسەر وەزارەت رێنمای لەم بارەیەوە دەربکات لە چوارچێوەی پرۆگرامی فێرکردنی ئامادەییدا.

## ماددەی 31

بڕوانامەی تەواوکردنی فێرکردنی ئامادەیی لە لایەن وەزارەتەوە دەبەخشرێت دوای ئەوەی قوتابی بەسەرکەوتوویی تاقیکردنەوە نیشتیمانییەکانی ئەنجامدراو بۆ ئەم مەبەستە لە کۆتایی پۆلی دوازدەمدا تێدەپەڕێنێت، و ناودەنرێت بە "بڕوانامەی فێرکردنی ئامادەیی"، کە ئامادەسازی دەکات بۆ کێبرکێ کردن بۆ پەیوەندی کردن بە زانکۆو پەیمانگەکانەوە.

# دەروازەی شەشەم

# حوکمی هاوبەش

## ماددەی 32

گشت قوتابخانەو پەیمانگەکان لە سەرجەم قۆناغەکاندا جگە لە (باخچەی ساوایان) بە جلوبەرگی یەکخراو پابەند دەبن، و وەزارەت رێنمایی پێویست بۆ رێکخستن و جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە دەردەکات.

## ماددەی 33

وەزارەت پابەندە بە دابینکردنی پەرتووکی قوتابخانەیی بەبێ بەرامبەر، بەلای کەم، دوو هەفتە پێش دەسپێکردنی ساڵی خوێندن، و دابەشکردنی بەسەر قوتابیاندا لە هەفتەی یەکەمی خوێندن.

## ماددەی 34

لەکاتی دەسپێکردنی خوێندنی ساڵانە پێویستە لەسەر مامۆستا پلانی خوێندنی ساڵانەی وانەی پەیوەنداری هەبێت، کە پێویستە خشتەو چالاکییە پلان بۆ دارێژراوەکان لەخۆ بگرێت. پێویستە لەسەر مامۆستا ئەو پلانە ساڵانەییە لە هەفتەی یەکەمی خوێندن بەسەر قوتابیاندا دابەشی بکات.

## ماددەی 35

لە قوتابخانەو پەیمانگەکاندا بە هەموو جۆرو پلەکانیانەوە هەر شتێکی ناکۆك لەگەڵ پەیامی پەروەردەیی و مرۆیی قەدەغە دەکرێت، بە شێوەیەکی تایبەتیش ئەمانەی خوارەوە:

1- هەڵگرتنی چەك یان ئامرازی تیژ یان مەترسیدار، وە جگەرەکێشان یان دەستاودەسکردن یان فرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکان یان خاوکارەکان یان هەر کەرەستەیەکی دیکەی قەدەغەکراو قەدەغە دەکرێن.

2- بانگەشەو چالاکی بازرگانی و حیزبیی.

3- ڕێگەنادرێت بە فەرمانبەرانی قوتابخانە هەر چالاكییەكی حیزبی لە كاتی دەوامدا ئەنجام بدەن.

### ماددەی 36

پێویستە لەسەر قوتابی بەشێوەیەكی ڕێكخراو ئامادەبێت و بەشداری بكات لە وانەكاندا.

پێویستە لەسەر وەزارەت ڕێنمایی لەم بارەیەوە دەربكات.

### ماددەی 37

بنەماكانی سیستەمی خوێندن و بەرزەفتكردنی رەفتاریی قوتابیان بەپێی ڕێنمایی دیاری دەكرێن كە بەپێی ئەم یاسایەوە دەردەكرێت.

### ماددەی 38

1- وەرگرتنی منداڵان و قوتابیان و تۆماركردنیان لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەو پەیمانگەكاندا پێویستە لەسەر بنەمای یەكسانی و دادپەروەریی جیاوازی نەكردن بێت.

2- پێویستە لەسەر قوتابخانەیەكی حكومی، جگە لەو قوتابخانانەی مۆركێكی تایبەتیان هەیە، بەلای كەم نیوەی كورسییەكانی هەر پۆلێك بۆ ئەو قوتابیانە تەرخان بكات كە لە گەڕەكی قوتابخانەكەدا نیشتەجێن بەو مەرجەی ئەم ژمارەیەی قوتابیان هەبن.

3- قوتابی مافی هەیە لە قوتابخانەیەكی دیكەی جیا لەوەی قوتابی تیایدا دەژییێت، وەربگیرێت بەو مەرجەی شوێنی بەتاڵ هەبێت تیایدا.

4- پێویستە لەسەر وەزارەت ڕێنمایی دەربارەی وەرگرتنی قوتابیان دەربكات.

### ماددەی 39

1- پێویستە گرنگی بدرێت بە وەرگرتنی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەجیاوازی تواناو ئامادەباشیان لە سەرجەم قۆناغەكانی فێركارییدا لەگەڵ دابینكردنی مامۆستای پەروەردەی تایبەت.

2- پێویستە لەسەر وەزارەت ئامرازی پێویست بۆ ئەمە دابین بكات.

3- پێویستە لەسەر وەزارەت ڕێنمایی لەم بارەیەوە دەربكات.

### ماددەی 40

دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییە حكومییەكان بۆیان نیە مەرجی پێشوەختە یان تاقیكردنەوە بۆ وەرگرتنی منداڵان یان قوتابیان دابنێن.

### ماددەی 41

1- هەر قوتابیەك مافی هەیە داوای گواستنەوەی بکات بۆ قوتابخانەیەکی دیکە بەو مەرجەی ئەم داواکارییە بەر لە سەرەتای وەرزی خوێندن بێت.

2- بنەماکانی گواستنەوەی قوتابیان بەپێی ڕێنمایی تایبەت دیاری دەکرێن کە بەپێی ئەم یاسایە دەردەکرێت.

**ماددەی 42**

پێویستە هەڵسەنگاندنی ساڵانە بۆ چالاکی و خوێندنی ساڵانەو شێوەکانی کارکردن لە باخچەی ساوایان و گشت قۆناغەکانی خوێندن ئەنجام بدرێت بۆ سوود لێوەرگرتنیان لەکاتی دانانی پلانی داهاتوویدا.

**ماددەی 43**

وەزارەت سەرجەم ئەو ڕێکارانەی دەبنە هۆی ئاسانکردنی دووبارە ئاوێتەکردنی ئەو قوتابیانەی لە دەرەوە خوێندوویانەو گەڕاونەتەوە هەرێم، دەگرێتەبەر.

**ماددەی 44**

1- هەموو قوتابیەك مافی هەیە، بە کەمترین ئاست هەفتەی دوو کاژێر بە زمانی دایك بخوێنێت ئەگەر داوا بکات، ئەمەش لەکاتی بوونی مەرجەی پێویست لە قوتابیدا.

2- مەرجە پێویستەکان:

أ- پێویستە باوك یان دایکی قوتابی زمانێکی دیکەی جگە لە کوردی هەبێت و لەماڵەوە قسەی پێ بکەن.

ب- پێویستە قوتابی لە زمانی دایکی پەیوەندراردا توانای سەرەتایی هەبێت.

جـ- پێویستە ژمارەیەکی شیاو لە قوتابیانی زمانی دایك لە هەر قوتابخانەیەکدا هەبن تاوەکو ئامادەکردنی خوێندن لە توانا دابێت.

س- پێویستە لەسەر قوتابی ئەو مەرجانەی لێ بێتەدی کە لە ڕێنمایی وەزارەت لەمبارەیەوە هاتوون.

3- پێویستە لەسەر وەزارەت ڕێنمایی دەربارەی خوێندن بە زمانی دایك دەربکات.

4- فێرکردنی زمانی کوردی لە سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێمدا زۆرەکی دبێت.

5- فێرکردنی زمانی عەرەبی لە سەرجەم قوتابخانەکانداو بەگوێرەی پرۆگرامی گونجاو زۆرەکی دەبێت.

6- زمانەکانی عەرەبی و تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی بۆ ئەوانەی قسەی پێدەکەن لەو ناوچانەی ئەوان تیایدا چڕی دانیشتوانیان هەیە دەخوێندرێن، ئەم خوێندنەش بەپێی ڕێکسازی پەروەردەیی ئارەزومەندانە دەبێت.

**ماددەی 45**

قوتابیانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینیە دانپێنراوەکان مافیان هەیە بە زمانی خۆیان بخوێنن لە حاڵەتی بوونی مەرجی دیاریکراو بۆی لە لایەن وەزارەتەوە کە لە ماددەی سەرەوەدا هاتووە.

**ماددەی 46**

دەکرێت قوتابخانە بە زمانی دیکەی جگە لە کوردی بکرێنەوە بەو مەرجەی ئەم خوێندنانە هێڵە سەرەکییەکانی پڕۆگرامی خوێندن لە هەرێمدا پەیڕەو بکات.

**ماددەی 47**

دیداری گەشە:

1- هەر پۆلێك لە گشت قۆناغەکانی خوێندندا مامۆستایەکی دەبێت بەناوی رابەری پۆل.

2- پێویستە لەسەر رابەری پۆل کۆبوونەوەیەکی وەرزانە لەگەڵ هەر قوتابییەك بە ئامادەبوونی بەخێوکاری رێکبخات دەربارەی چۆنیەتی گەشەکردنی قوتابی و چۆنیەتی پاڵپشتیکردنی پێشکەوتنی زانستی و کۆمەڵایەتی قوتابی. وە گۆڕینەوەی زانیاری و گفتوگۆ لە دیداری گەشەدا تیشك دەخاتە سەر هەڵسەنگاندنی پێشوەچوونی قوتابی بەپێی پڕۆگرامەکانی خوێندن. وە دیدارەکەش لەسەر بنەمای ریزگرتن لە قوتابی و تواناکانی رێکدەخرێت.

3- پێویستە لەسەر مامۆستا پلانێکی نووسراوی هەبێت دەربارەی پێشکەوتنی قوتابی تاوەکو لە کاتی دیدارەکەی گەشەدا دەربارەی گەشەی قوتابی و پێداویستییەکانی گەشەی قوتابی باسی لێوە بکات تا گەیشتن بەو ئامانجانەی لە فێربوون بەپێی پڕۆگرامەکانی فێربوون خوازراون.

4- گفتوگۆکانی دیداری گەشە دەنووسرێتەوەو لە شێوەی پرۆتۆکۆلی دیداری وەرزی داهاتوو دەپارێزرێت بۆ ئەنجامدانی بەدواداچوونی گەشەی قوتابی لە نێوان هەردوو وەرزی فێربووندا.

**ماددەی 48**

دەکرێت بەپێی ئەم یاسایە ئەنجومەنێك بەناوی (ئەنجومەنی قوتابیان) لە هەر قوتابخانەیەك و پەیمانگەیەك دابمەزرێنرێت.

1- دامەزراندنی ئەنجومەنی قوتابیان سەرجەم قوتابخانەکانی فێرکردنی گشتی و پیشەیی و پەیمانگەکان لە دوای پۆلی شەشەوە دەگرێتەوە.

2- هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی قوتابیان لە نێوان ناوی قوتابیە کاندیدکراوەکان ئەنجام دەدرێت لە رێگەی دەنگدانی نهێنی لە دوای کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن.

3- هەر قوتابیەکی ناو قوتابخانە مافی خۆ کاندیدکردنی هەیە بۆ ئەنجومەنی قوتابیان.

4– هەر قوتابیەکی ناو قوتابخانە مافی هەیە ئەندامانی ئەنجومەنی قوتابیان هەڵبژێرێت.

5– ئەنجومەنی قوتابیان مافی هەیە لەگەڵ دەستەی کارگێڕی قوتابخانە، بەلای کەم، مانگی یەکجار کۆببێتەوە.

6– پێویستە لەسەر بەڕێوەبەری قوتابخانە/ پەیمانگە ئاسانکاری پێویست پێشکەش بکات.

### ماددەی 49

لەوانەیە ئامانجەکانی ئەنجومەنی قوتابیان بریتی بن لە:

1– پەرەپێدانی ئاوێتەبوون و هاوکاری نێوان قوتابیان و قوتابخانەدا.

2– بەشداریکردنی قوتابیان لە دەستەبەر کردنی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی قوتابخانەکان.

3– هۆشیارکردنەوەی قوتابیان.

4– هاوکاری کردن لەسەر چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی رووبەرووی قوتابیان دەبنەوە بە شێوەیەکی گشتی.

### ماددەی 50

1– باوك و دایكان مافیان هەیە ئەنجومەنی باوك و دایكان بۆ قوتابخانەكان پێكبهێنن.

2– مافیان هەیە ئامانج و پلانی كارەكانیان دابنێن.

3– پێویستە لەسەر بەڕێوەبەری قوتابخانە ئاسانكاری پێویستە پێشكەش بكات.

### ماددەی 51

پێویستە هەر قوتابخانەیەك یان پەیمانگەیەك ئەگەر ژمارەی قوتابیەكانی بگاتە (100) قوتابی كتێبخانەیەكی تایبەتی هەبێت، وە ئەگەر ژمارەی قوتابیانی لە (100) قوتابی كەمتر بوو، ئەوا پێویستە لەسەر قوتابخانەكە ئاسانكاری بكات بۆ قوتابیەكانی تاوەكو بگەنە نزیكترین كتێبخانە.

## دەروازەی حەوتەم

## پەیمانگەکان

### ماددەی 52

ئامانجەکانی خوێندن لە پەیمانگەکاندا:

1– ئامادەکردنی قوتابیان بۆ پیشەیەکی دیاریکراو لە ڕێگەی پێدانی زانستەوە.

2– تواناپێدانی قوتابی بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی زانستی و قوڵکردنی گیانی توێژینەوەو تاقیکردنەوەی.

**ماددەی 53**

قوتابی دوای تێپەڕاندنی یەکێك لەم قۆناغانەی خوارەوە پەیوەندی بەم قۆناغەوە دەکات:

1- قۆناغی بنەڕەت بە سەرکەوتوویی، وە خوێندن تیایدا بۆ ماوەی پێنج ساڵی خوێندن درێژەی دەبێت.

2- قۆناغی ئامادەیی بە سەرکەوتوویی، وە خوێندن تیایدا بۆ ماوەی دوو ساڵی خوێندن درێژەی دەبێت.

**ماددەی 54**

وەرگرتنی قوتابیان و تۆمارکردنیان لە پەیمانگەکاندا وەزارەت بە ڕێنمایی دیاری دەکات.

**ماددەی 55**

وەزارەت مافی هەیە پەیمانگە دابمەزرێنێت ئەویش دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمدا.

**ماددەی 56**

ڕێکخستنی کاروباری پەیوەست بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی خوێندن و بڕوانامەکان بە ڕێنمایی دەبێت کە وەزارەت بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات.

**ماددەی 57**

پێویستە لەسەر وەزارەت پڕۆگرام و ڕێنمایی پێویست بۆ پەیمانگەکان دەربکات.

## دەروازەی هەشتەم

## فێرکردنی تەمەن گەوران

**ماددەی 58**

ئامانجەکانی فێرکردنی تەمەن گەورە:

ڕەخساندنی هەل لەبەردەم تەمەن پێگەیشتووان، کە پێشتر دەرفەتی تەواوکردنی خوێندنیان بۆ نەڕەخساوە، بۆ ئەوەی بخوێنن و زانیاری زیاتر وەدەستبهێنن و زیاتر گەشە بکەن لەم ڕێگەیەش ئاسانکارییان بۆ بکرێت تاوەکو لە کۆمەڵگەو بازاڕی کاردا بەشداری بکەن.

**ماددەی 59**

1- هەر کەسێك تەمەنی (18) هەژدە ساڵی تەواو کردبێت بەبێ تەواوکردنی فێرکردنی بنەڕەت یان ئامادەیی، مافی هەیە بەخۆرایی بەرۆژ یان بەشەو لە قۆناغی فێرکردنی تەمەن گەوران بەگوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەت دەوام بکات.

2- پێویستە لەسەر وەزارەت فێرکردنی تەمەن گەوران مسۆگەر بکات.

3- وەرگرتنی قوتابیان و تۆمارکردنیان لە قوتابخانەکانی فێرکردنی تەمەن گەوران وەزارەت بە ڕێنمایی دیاری دەکات.

**ماددەی 60**

فێرکردنی تەمەن گەوران بۆ دوو قۆناغ دابەش دەبێت:

1- قۆناغی فێرکردنی بنەڕەت، کە پڕۆگرامێکی تایبەتی دەبێت لە لایەن وەزارەتەوە بڕیار دەدرێت.

2- قۆناغی فێرکردنی ئامادەیی، کە پڕۆگرامێکی تایبەتی دەبێت لە لایەن وەزارەتەوە بڕیار دەدرێت.

**ماددەی 61**

وەزارەت بۆی هەیە قوتابخانەی فێرکردنی تەمەن گەورانی خاوەن ماوەی کورتر دابمەزرێنێت، بە واتای ئەوەی خوێندن تیایدا بەشێوەیەکی چڕ دەبێت.

**ماددەی 62**

1- لە کاتی تەواوکردنی هەر یەك لە قۆناغەکانی فێرکردنی بنەڕەت لە قوتابخانە تەمەن گەوراندا بە پلەی سەرەکەوتوو ئەوا بڕوانامەی دەرچوونی ئاستی پەیوەنداری پێ دەبەخشرێت.

2- بڕوانامەی دەرچوون لە قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی تەمەن گەوران هاوتایە لەگەڵ بڕوانامەی فێرکردنی بنەڕەت.

3- بڕوانامەی دەرچوون لە قۆناغی فێرکردنی ئامادەیی تەمەن گەوران هاوتایە لەگەڵ بڕوانامەی فێرکردنی ئامادەیی.

4- کاروباری پەیوەست بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی خوێندن بەپێی ڕێنمایی دەبێت کە وەزارەت بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات.

**ماددەی 63**

قەدەغەیە بۆ هەر کاروبارێکی خوێندن هەر بڕە پارەیەك لە قوتابی تەمەن گەورە وەربگیرێت.

**ماددەی 64**

پێویستە لەسەر وەزارەت کاتی گونجاوی سەرەتای ساڵی خوێندن بە ڕێنمایی دیاری بکات بەو مەرجەی لە کۆتایی مانگی (حوزەیران)ی هەر ساڵێك تێپەڕ نەکات و دامەزراوەکانی خوێندنی لێ ئاگادار بکاتەوە.

**ماددەی 65**

ئەو پەرتووکانەی لەسەر قوتابیان فەرزکراوە بەخۆرایی لە هەفتەی یەکەمی خوێندندا دابەش دەکرێن.

**ماددەی 66**

بنەماکانی ڕێککاریی خوێندن و بەرزەفتکردنی ڕەفتاریی قوتابیان بەپێی ڕێنمایی دیاری دەکرێن کە بەپێی ئەم یاسایە دەردەکرێت.

## الباب التاسع

## المدارس والمعاهد غير الحكومية

**المادة 67**

تطبق جميع البنود الواردة في قانون التربية والتعليم المتعلقة بالمراحل الأساس والإعدادية على المدارس والمعاهد غير الحكومية مع مراعاة المواد التالية التي تخص المدارس والمعاهد غير الحكومية فقط.

**المادة 68**

يتم تأسيس المدارس والمعاهد غير الحكومية من أجل تحقيق الأهداف الآتية:

1- إتاحة المزيد من الفرص للتربية والتعليم، فضلاً عن قدرات الحكومة، من أجل التطوير والمساعدة وتحقيق أهداف العملية التعليمية.

2- توفير وإعداد المستلزمات المختلفة لتحديث عملية التربية والتعليم عن طريق مناهج وطرق حديثة وفق أسس ومبادئ هذا القانون.

3- توفير أرضية مناسبة من أجل التنافس في مجال التربية والتعليم.

4- تشجيع عملية الاستثمار الوطني والأجنبي في الإقليم في مجالات التربية والتعليم.

5- الاهتمام بتعليم اللغات الأجنبية الحية إلى جانب المناهج التعليمية المقررة.

6- إتاحة المزيد من الفرص أمام الرعايا والأجانب والعائدين من الخارج إلى الإقليم.

**المادة 69**

على الوزارة منح إجازة فتح المدرسة أو المعهد غير الحكومي للجهة التي يطلبها إذا استوفى الشروط الآتية:

1- أن تمتلك المنتسبين اللازمين مثل المعلمين والمدير.

2- أن تكون لها موقعاً ومكاناً مناسباً من الناحية التربوية.

3- أن تكون لها معلومات وخبرة (3) ثلاث سنوات عمل في المجال التعليمي.

4- أن يطبق البرامج والمناهج الدراسية التابعة للوزارة، أو أن يكون برنامج ومناهج الدراسة للجهة الطالبة موافقاً لقانون التربية والتعليم ومصدقاً من قبل الوزارة.

5- أن لا يكون معاقباً بجريمة تزيد عقوبتها على (6) أشهر من الحبس. وأن لا يكون مديناً للحكومة.

**المادة 70**

أولاً: يجب أن يتضمن الطلب المقدم المواضيع الآتية:

1- تحديد الأهداف العامة والخاصة.

2- تحديد الفائدة التربوية من المشروع.

3- تحديد المصادر المالية والجهة الداعمة.

4- تحديد عدد الطلبة وعدد الصفوف.

5- لغة الدراسة.

6- خطة الدراسة والمدة المقترحة للحصول على شهادة التخرج.

7- طرق وأساليب التدريس.

8- شهادة دراسة التربية للمعلمين وللباحثين الاجتماعيين والنفسيين، والمدراء وجنسياتهم.

9- المختبر والمكتبة وأقسام وقاعات الدراسة وتوفير الرقابة والسلامة والنظافة والنشاطات المختلفة في المدرسة.

ثانياً: يجب أن لا يتعارض المشروع مع القيم الوطنية والمبادئ العامة والخاصة المتبعة في النظام التعليمي.

ثالثاً: يجب أن يخدم المشروع أهداف قانون التربية والتعليم.

رابعاً: على الوزارة قبل نهاية الشهر الأول إعلان التعليمات حول تفاصيل شروط الحصول على الإجازة.

خامساً: يجب تقديم الطلب قبل نهاية الشهر الرابع.

**المادة 71**

يجب على الوزارة البت في الطلب في مدة لا تتجاوز (30) ثلاثين يوماً من تاريخ تقديمها، ويجب أن يكون رفض الطلب مشفوعاً بمبرر قانوني.

**المادة 72**

إذا لم تجب وزارة التربية في المدة القانونية المحددة على الطلب، يعتبر الطلب مقبولاً بشرط أن يكون الطلب المقدم مستوفياً لجميع شروط الطلب الواردة في هذا القانون.

## المادة 73

لا يجوز تداول إجازة تصديق المدرسة أو المعهد غير الحكومي ونقلها من مالكها إلى مالك جديد دون الموافقة الرسمية للوزارة، ويسمح بذلك بعد مرور سنة واحدة على تأسيس المدرسة أو المعهد ويكون الطلب الجديد مستوفياً لجميع شروط فتح المدارس غير الحكومية.

## المادة 74

إذا تم إقرار تصديق المدرسة أو المعهد غير الحكومي على أساس الخطأ عندها يجب إلغاء قرار التصديق.

## المادة 75

1- للمدارس والمعاهد غير الحكومية تقاضي المقابل السنوي للدراسة فيها.

2- يتم تقسيم مبلغ المقابل السنوي على قسمين، يتم دفع أحد القسمين قبل بداية فصل الخريف، والقسم الآخر قبل بداية فصل الربيع.

3- يجب عدم تقاضي أية مبالغ أخرى على سبيل المثال للكتب والنشاطات خلال السنة الدراسية.

## المادة 76

1- للمدرسة أو المعهد غير الحكومي أن تكون لها مناهجه الدراسية الخاصة بها بشرط تقديمها للوزارة قبل ثلاثة أشهر من بداية السنة الدراسية وتمت المصادقة عليها من قبل الوزارة.

2- على الوزارة إنجاز إجراءات الرد والتصديق خلال شهر واحد.

## المادة 77

1- للمدارس والمعاهد غير الحكومية، وعلى غرار المدارس الحكومية، أن تضع الدرجات على المناهج الدراسية التي صادقت الوزارة عليها، ويعتمد على تلك الدرجات، كما هو الحال في المدارس الحكومية، للدراسة في مستوى أعلى أو للحصول على العمل. ويتم تسجيل الدرجات في صورة معلومات عند وزارة التربية.

2- تلتزم المدارس والمعاهد غير الحكومية بتطبيق واستخدام الامتحانات الوطنية كما هو الحال في المدارس والمعاهد الحكومية.

**المادة 78**

للمدارس والمعاهد غير الحكومية أن تضع مدة دراسية أطول مما هو موجود في التقويم الدراسي للمدارس والمعاهد الحكومية.

**المادة 79**

إذا كان عدد الطلاب الذين طلبوا الدراسة في مدرسة أهلية أكبر من المقاعد الدراسية الموجودة فيها، يكون القبول وفق عملية القرعة العلنية. والأطفال الذين يأتون من رياض الأطفال التابعة للمدرسة ذاتها أو يبقون في صف معين يحصلون على مقاعدهم الدراسية في تلك المدرسة دون مرورهم بعملية القبول.

**المادة 80**

يجب أن يكون فتح صفوف جديدة بإجازة وزارة التربية.

**المادة 81**

1- للطالب أن يستمر في دراسته شريطة دفعه الأجر السنوي.

2- إبعاد الطالب من المدارس والمعاهد غير الحكومية يكون بموجب قانون التربية والتعليم في إقليم كوردستان.

**المادة 82**

للمدارس والمعاهد غير الحكومية أن يكون لها دليل دروسها الخاصة بها وتحدد بداية ونهاية أيام الدراسة على أن يكون مستوفياً لجميع شروط أوقات الدراسة الواردة في قانون التربية والتعليم.

**المادة 83**

للمدارس والمعاهد غير الحكومية أن تقوم بإرشاد عملية الدراسة داخل مدارسها بشرط تقيدها بالمواد الواردة في قانون التربية والتعليم.

**المادة 84**

للمدارس والمعاهد غير الحكومية تنظيم ميزانيتها بالطريقة التي يرونها مقبولة.

**المادة 85**

يجب أن تستلم جميع المدارس الكتب المدرسية أو قاموا بتزويدها للطلبة في اليوم الأول من السنة الدراسية. وإلا يجب خصم 10٪ من الأجر السنوي الدراسي للطالب. وإذا كانت الوزارة وراء عدم تزويد الكتب المدرسية فلا يوجد خصم.

**المادة 86**

1- لكل شخص طبيعي أو معنوي، لوحده أو في مجموعة، الحق في تأسيس مدرسة أو معهد غير حكومي بموجب أحكام هذا القانون.

2- لا يسمح لأي حزب أو تنظيم سياسي أو ديني بتأسيس مدرسة أو معهد غير حكومي.

**المادة 87**

لا يجوز نقل المدرسة من المكان الذي تم الموافقة عليه إلى مكان آخر إلا بعد استحصال الموافقة الرسمية من الوزارة.

**المادة 88**

يجب أن يكون مدير المدرسة أو المعهد غير الحكومي مستوفياً للشروط الآتية:

1- أن يكون في الأقل حاملاً لشهادة جامعية أولية ومؤهلاً من ناحية السلامة الصحية للعمل في هذه المهنة.

2- أن يكون مؤهلاً من الناحية التربوية وأن لا تقل مدة عمله في المجال التربوي عن خمس سنوات.

3- أن لا يكون محكوماً عليه بجريمة مخلة بالشرف أو معاقباً بعقوبة تربوية بارزة.

**المادة 89**

أولاً: يجب أن يستوفي أعضاء الهيئة التدريسية الشروط الآتية:

1- أن يكون من خريجي الجامعة أو المعهد.

2- أن يكون مؤهلاً من الناحية الصحية والتربوية.

ثانياً: يجب أن لا يقل نسبة الأعضاء الدائمين في الهيئة التدريسية عن 60٪ من مجموع منتسبي التدريس.

**المادة 90**

1- تكون إدارة المدارس والمعاهد غير الحكومية مسؤولة عن ضمان الحقوق والامتيازات المادية والمعنوية للمعلمين والموظفين خلال مدة خدمتهم في تلك المدارس والمعاهد غير الحكومية وفقاً للعقد.

2- يتم احتساب مدة خدمة المعلمين والموظفين في المدارس والمعاهد غير الحكومية لأغراض الترفيع والعلاوة والتقاعد.

3- لا يجوز للمدارس والمعاهد غير الحكومية فصل المعلمين والموظفين فيها دون مبرر قانوني.

4- يجب على إدارة المدارس والمعاهد غير الحكومية مسك السجلات التي تم اشتراطها في قانون الضمان الاجتماعي من أجل تثبيت حقوق منتسبيها من المعلمين والموظفين والخدميين.

**المادة 91**

من حق المدارس الخاصة بالرعايا أو اللاجئين استخدام لغتهم الرسمية في الدراسة والتعليم، بشرط تدريس اللغة الكوردية فيها بموجب منهج خاص تقرره الوزارة.

### المادة 92

تكون المبادئ الأساسية لقبول الطلبة على الوجه الآتي:

1- يستثنى قبول الطلبة في المعاهد غير الحكومية من شرط العمر ومجموع الدرجات المعتمد في نظام القبول في المدارس الحكومية.

2- تقوم المدارس والمعاهد غير الحكومية في المواعيد المحددة بتقديم خطط قبول الطلبة للوزارة للعلم.

3- نقل الطلبة من المدارس والمعاهد غير الحكومية إلى المدارس والمعاهد الحكومية، وبالعكس، يكون وفق النظام الخاص بالقبول والنقل والتي تصدر الوزارة تعليمات في شأنه.

### المادة 93

تكون حقوق طلبة المدارس والمعاهد غير الحكومية مكفولة على غرار حقوق طلبة المؤسسات الحكومية.

### المادة 94

يجرى تصديق الشهادات وتعديلها ووثائق التخرج في المدارس والمعاهد غير الحكومية كمثيلاتها من المدارس والمعاهد الحكومية من قبل الوزارة.

### المادة 95

يشكل مجلس إداري في كل مدرسة أو معهد غير حكومي على الوجه الآتي:

1- مالك المدرسة أو المعهد غير الحكومي، وإذا كانت الملكية جماعية عندها يقومون باختيار ممثل واحد إلى ثلاثة ممثلين لهم.

2- مدير المدرسة أو المعهد غير الحكومي.

3- ممثلين اثنين من الهيئة التدريسية.

4- الباحث الاجتماعي للمدرسة أو المعهد غير الحكومي.

### المادة 96

1- جميع المدارس والمعاهد غير الحكومية تكون مفتوحة لجميع الأطفال والطلبة إذا كانوا في عمر المدارس وبإمكانهم دفع الأجر السنوي للدراسة.

2- لا يجوز لأية مدرسة أهلية عدم قبول طالب بسبب إعاقته أو بسبب أي شرط آخر يكون مخالفاً للقيم والمبادئ العامة الواردة في قانون التربية والتعليم.

**المادة 97**

يتم تسجيل أسماء طلبة المدارس والمعاهد غير الحكومية لدى وزارة التربية للعلم فقط.

**المادة 98**

للمدارس والمعاهد غير الحكومية أن تكون لها جميع الصفوف الدراسية أو بعضها.

**المادة 99**

يجب أن تكون كل مدرسة أو معهد غير حكومي متاحاً أمام عملية التفتيش والإشراف كما هو الحال في المدارس الحكومية.

**المادة 100**

يحق للمدارس والمعاهد غير الحكومية تعيين المنتسبين حسب الاقتضاء. ويتم تحديد رواتب المعلمين والعاملين من قبل المدرسة المعنية.

**المادة 101**

لا يجوز في أية مدرسة أو معهد غير حكومي استخدام رمز أو شعار يعارض مبادئ التعايش السلمي والديني أو القومي لشعب كوردستان.

**المادة 102**

سحب الإجازة:

للوزارة سحب الإجازة من مدرسة غير حكومية في الحالات الآتية فقط:

1- إذا تم منح الإجازة عن طريق الخطأ لمدرسة لم تستوف شروط تأسيس المدارس الأهلية.

2- إذا كانت نتائج المدرسة غير الحكومية سيئة جداً، بعد إنذارها مرتين بكتاب رسمي، وبقاء النتائج في وضعها السيء ولم تحل المشاكل.

3- إذا لم تقم المدرسة المعنية بسد النواقص بعد إنذاره رسمياً من الوزارة عدة مرات.

4- إذا سارت مدرسة أو معهد غير حكومي خلافاً لأسس قانون التربية والتعليم وبعد إنذارها رسمياً مرتين.

**المادة 103**

1- يجب أن يكون قرار إلغاء الإجازة أو غلق المدرسة أو المعهد بكتاب رسمي مع الإشارة إلى سبب القرار.

2- يحق لمالك المدرسة أو المعهد غير الحكومي الطعن في قرار إلغاء الإجازة أو غلق المدرسة أو المعهد غير الحكومي أمام مجلس الوزراء خلال مدة لا تتجاوز (15) يوماً من تاريخ تبليغه بالقرار، ويصدر المجلس قراره النهائي خلال مدة (15) يوماً من تاريخ تقديم الطلب، ويكون قراره قابلاً للطعن أمام المحكمة الإدارية.

## المادة 104

كل مدرسة أو معهد غير حكومي يخالف أحكام هذا القانون، يعاقب بخصم 10 إلى 30٪ من الأجر السنوي لدراسة الطلبة فيه. ويتم إعادة ما تم خصمه إلى الطلبة.

## المادة 105

في حالة غلق المدرسة أو المعهد غير الحكومي بصورة دائمية، تقوم الوزارة بنقل طلبتها إلى مدرسة أو معهد حكومي أو غير حكومي مماثل دون أن يفوت عليهم السنة الدراسية أو يتضرروا من الناحية المادية.

## المادة 106

على المدارس والمعاهد غير الحكومية المجازة في مدة لا تتجاوز بداية السنة الدراسية 2015–2016، أن تتكيف مع أحكام هذا القانون.

## المادة 107

تلتزم المدارس والمعاهد غير الحكومية بالتفتيش الفني والإداري للوزارة. وتشرف مديرية صحة المدارس، من الناحية الصحية والعلاجية، على المدارس والمعاهد غير الحكومية.

## المادة 108

فيما عدا أجور الدراسة لا يجوز إلزام الطالب أو ذويه بأعباء مالية أو بالتبرعات في المدارس والمعاهد غير الحكومية.

# دەروازەی دەیەم

# پرۆگرامی فێرکاریی و پرۆگرامەکانی خوێندن و تاقیکردنەوەکان

## بەشی یەکەم

## پرۆگرامی فێرکاریی و پرۆگرامەکانی خوێندن

## ماددەی 109

پێویستە لەسەر وەزارەت پرۆگرامی فێرکاریی و بنەماکانی پرۆگرامی خوێندن و پەرتووکەکانی قوتابخانەیی و پێداویستییەکانی دیکە لە رووی دانان یان وەرگێران یان پێداچوونەوە یان هەڵبژاردن یان پەرەپێدان دیاری بکات.

## ماددەی 110

وەزارەت پرۆگرامی فێرکاریی و پرۆگرامی تێروتەسەل بۆ سەرجەم قۆناغەکان دادەنێت بە جۆرێك لەگەڵ توانای قوتابی لە هەر قۆناغێکدا بگونجێت هەروەها لەگەڵ ئاستی زانستی پێویست و بەگوێرەی ستاندەرە جیهانییەکان بێت و بەشێوەیەکی ناوبەناو هەڵبستێت بە نوێکردنەوەو پێداچوونەوەی.

**ماددەی 111**

1- پێویستە پڕۆگرامی فێرکاریی ئەو بەها بنەڕەتییانەی هەر پڕۆسەیەکی پەروەردەو فێرکردن لەسەر بونیات دەنرێت لەخۆ بگرێت.

2- پێویستە پڕۆگرامی فێرکاریی ئامانجەکانی هەر وانەیەك لەخۆ بگرێت بە ئامانجە مەودا نزیك و مەودا دوورەکانیشەوە.

3- پێویستە پڕۆگرامی فێرکاریی ئەو ئامانجانە لەخۆ بگرێت کە پێویستە قوتابخانە بۆ قوتابی مسۆگەر بکات.

4- پێویستە پڕۆگرامی فێرکاریی هێڵە سەرەکییەکانی هەر پڕۆگرامێك و هەر وانەیەکی خوێندنی هەر ئاستێکی خوێندن لەخۆ بگرێت.

**ماددەی 112**

1- پەرتووکەکانی قوتابخانەیی بڕیاردراو بەسەر قوتابیانی قۆناغی فێرکردنی بنەڕەت و ئامادەیی لە سەرجەم قوتابخانە حکومی و پەیمانگەکاندا لە هەر ساڵێکی خوێندندا یەکجار بە خۆرایی دابەش دەکرێن. وە لە حاڵەتی پێویستی قوتابی بۆ دانەیەکی دووەم ئەوا بە بەرامبەر نرخی خۆی پێی دەدرێت.

2- پەرتووکە قوتابخانەییەکانی چاپکراو لە لایەن وەزارەتەوە بە نرخی دیاریکراو لە لایەن وەزارەتەوە دفرۆشرێنە قوتابخانە ناحکومییەکان.

3- بەهای پەرتووکە فرۆشراوەکان دەگێردرێتەوە بۆ بودجەی وەزارەت بۆ بەکارهێنان و خەرجکردنی لە نێو یەکێك لە دەروازەکانی خەرجکردنی هاتوو لە بودجەکەیدا.

## بەشی دووەم

## تاقیکردنەوەکان

**ماددەی 113**

پەرەپێدانی شێوازەکانی پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردەیی لە لایەنە جۆراوجۆرەکانییەوە پشت دەبەستێت بە ستاندەری زانستی بابەتیانە کە ئامانجیانە لایەنەکانی گەشەی بنەڕەتی قوتابیان گەشە پێبدەن و پرۆگرام و ناوەرۆکەکانیان و رێگەکانی وانەووتنەوەو شێوازەکانی تاقیکردنەوە چاك بکەن و ئاستی مامۆستاو وانەبێژان و راپەڕاندنی کارەکانیان بەرز بکەنەوە.

## ماددەی 114

بنەماکانی تاقیکردنەوە لە ڕووی بەرپرسیارەتی و بەخشینی بڕوانامەو بەشداریکردن و رێکارەکانی نارەزایی و حوکمەکانی بەرزەفتەیی و سزایی بە رێنمایی دیاری دەکرێن کە بەپێی ئەم یاسایە دەردەکرێت.

## ماددەی 115

1- وەزارەت ئامادەسازی دەکات بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نیشتیمانیی لەسەر ئاستی هەرێم لە کۆتایی پۆلی نۆیەم و دوازدەمدا.

2- قوتابخانەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە ئامادەسازی دەکەن بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی گشتی لە کۆتایی هەر وەرزێکی خوێندن لە پۆلی سێیەم تاوەکو دوازدەم جگە لە کۆتایی پۆلی نۆیەم و دوازدەمدا.

## ماددەی 116

1- پێویستە لەسەر وەزارەت لیژنەی تاقیکردنەوەی هەبێت.

2- لیژنەی هەمیشەیی تاقیکردنەوەکان بەهاوبەشی بەرپرس دەبێت لە بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوە نیشتیمانییەکان و دانانی پرسیارەکانی و مسۆگەر کردنی نهێنیان، و پێشنیار کردنی رێنمایی بۆ رێکخستنی بەڕێوەچوون و سەلامەتیان و راگەیاندنی ئەنجامەکانیان.

## ماددەی 117

1- قوتابیانی پۆلەکانی (1-3)ی قۆناغی بنەڕەت پسوولەی هەڵسەنگاندن وەردەگرن.

2- قوتابیانی پۆلەکانی (4-12)ی قۆناغی بنەڕەت و ئامادەیی بڕوانامەی نمرەکان وەردەگرن.

3- قوتابخانە بەرپرس دەبێت لە ئامادەکردن و ڕادەستکردنی پسوولەکانی هەڵسەنگاندن و بڕوانامەی نمرەکان.

4- قوتابی مافی هەیە پسوولەی هەڵسەنگاندن یان بڕوانامەی نمرەکان زیاتر لە جارێك وەربگرێت.

5- ئەوەی پۆلی (9)ی بنەڕەت و (12)ی ئامادەیی و قۆناغی کۆتایی پەیمانگە تێدەپەڕێنێت مافی هەیە بۆ یەکجار بەبێ بەرامبەر بڕوانامە وەربگرێت، وە لە حالەتی دووبارەبوونەوەدا رسومات دەدرێت.

## ماددەی 118

1- نمرەی تاقیکردنەوەکان لە سفر تاوەکو سەدە.

2- نمرە سەرکەووتن بۆ هەر وانەیەك لە (50) کەمتر نابێت.

3- پێویستە پێوانەکانی هەڵسەنگاندن و نمرەکان لە لایەن وەزارەتەوە ئامادە بکرێن، و لە هەفتەی یەکەمی ساڵی خوێندن رادەگەیندرێت.

4- پێویستە لە کاتی دانانی نمرەکانی کۆتایی وانە ئەم خاڵانەی خوارەوە رەچاو بکرێن:

أ- چالاکی قوتابی لە پۆلدا.

ب- ئاستی تێگەیشتنی قوتابی بۆ وانەکە بە شێوەیەکی گشتی.

جـ- ئەنجامی ئەرکەکانی ماڵەوەی سەپێنراو بەسەر قوتابیدا.

د- ئەنجامی تاقیکردنەوەکان.

هـ- وەزارەت لەم بارەیەوە رێنمایی رێکدەخات.

5- بەڵگەنامەی دەرچوونی قۆناغی ئامادەیی لەسەر ئەنجامی نمرەکانی هەر سێ ساڵی رێك دەخرێت، بە جۆرێك بیست نمرە لە سەد بۆ ئەنجامەکانی پۆلی دەیەم، و بیست نمرە بۆ ئەنجامەکانی پۆلی یازدەم، و شەست نمرە بۆ ئەنجامەکانی پۆلی دوازدەم. پێویستە لەسەر وەزارەت لەم بارەیەوە رێنمایی دەربکات.

## ماددەی 119

بابەتی زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی بۆ تاقیکردنەوە گشتیەکانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەت لەو قوتابخانانەی خوێندنی تورکمانی یان سریانی یان ئەرمەنی دەیانگرێتەوە، زێدە دەکرێت.

## ماددەی 120

بڕیارەکانی وەزارەتی پەیوەست بە رێکارەکانی تاقیکردنەوەی نیشتیمانیی و ئەنجامەکانی بە بنبڕی هەژمار دەکرێن، وە قوتابی مافی هەیە نارەزایی دەرببڕێت لەسەر بڕیارەکانی وەزارەتی تایبەت بە رێکاری تاقیکردنەوەکان و ئەنجامەکانی لەبەردەم لێژنە پسپۆڕەکانی وەزارەتداو بڕیاری ئەم لێژنە ناوبراوانەش بنبڕ دەبێت.

# دەروازەی یازدەم

# دەسەڵات و پێکهاتەکان

## بەشی یەکەم

## دەسەڵاتەکانی وەزارەت

### ماددەی 121

وەزارەت ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:-

1- جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتیی کەرتی پەروەردە لە هەرێمدا.

2- سەرپەرشتیکردنی سەرجەم دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومی و ناحکومیەکان لە گشت ناوچەکانی هەرێم، و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی سەر بە وەزارەت.

3- بلاوکردنەوەی فێرکردنی گشتی بەپێی پرنسیپی هاودەرفەتی فێرکاریی بۆ سەرجەم هاولاتیانی هەرێم لە گشت ناوچەکانی هەرێم، و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی سەر بە وەزارەت.

4- دامەزراندن و بەڕێوەبردنی قوتابخانە حکومیەکان بە جیاوازی قۆناغ و جۆرەکانیانەوە، و پاراستنی سەربەخۆییان، و دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی بەکارخستن و بەردەوامی کاریگەرییان و پاڵپشتیکردنی کردنەوەی باخچەی ساوایان.

5- پەرەپێدانی کارگێڕی قوتابخانەیی و شێوازو ڕێگەکانی ئاراستەکردنی پیشەیی لە قوتابخانەکاندا.

6- لێتوێژینەوەو دانانی ڕێگەو شێوازی گونجاو بۆ چاککردنی فێرکردنی پیشەیی و کارکردن لەسەر پەرەپێدانی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکاندا.

7- دیاریکردنی بنەماو ستاندەری گشتی پەرەپێدانی فێرکردن.

8- دابینکردنی ئامرازەکانی فێرکردن و تەکنیکی پەروەردەیی پێویست بۆ کاری پەروەردەیی و فێرکارییدا.

9- دانان و نوێکردنەوەی پرۆگرامی فێرکاریی و پرۆگرامەکانی خوێندنی هاوچەرخ بەو شێوەیەی یاوەریکردنی پێشکەوتنەکان مسۆگەر بکات.

10- دانانی ستاندەری تایبەت بۆ پێوانەکردنی لایەنی فێرکارىی و کەسایەتی قوتابی و پەرەپێدانی شێوازەکانی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکان لە قوتابخانەکانی هەرێمدا.

11- گرنگیدان بە توێژینەوە پەروەردەییەکان و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەو سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانی لە پەرەپێدانی سیستەمی فێرکارییدا.

12- گرنگیدان بە گەشەو پەرەپێدانی توانا پیشەیی و زانستییەکانی مامۆستاو سەرپەرشتیارو فەرمانبەرەکانی دیکەی سەر بە وەزارەت.

13- گرنگیدان بە چالاکی وەرزشی لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا.

14- گرنگیدان بە لایەنی تەندروستی قوتابیان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و خۆراکیی قوتابخانەو حەوانەوەو گواستنەوەو سەرجەم پێداویستیەکانی فێرکردن بە گوێرەی تواناکان.

15- هاندانی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ماڵ و قوتابخانە، لە رێگەی پتەوکردنی رۆلی ئەنجومەنی باوك و دایکانەوە.

16- ئامادەکردنی پلانی نیشتیمانیی گشتگیر بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری.

17- کارکردن لەسەر هاندانی وەبەرهێنان لە بواری پەروەردەیی و فێرکاریی و پەیمانگەدا لە لایەن کەرتی تایبەتەوە لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتدا.

18- فراوانکردنی چوارچێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ کەرتی تایبەت لەوەی پەیوەستە بە جێبەجێکردنی پرۆگرام و پرۆژە پەروەردەییەکانی ئامانجدار بۆ بەهێزکردنی پرۆسەی پەروەردەیی و پێشکەشکردنی ئاسانکاری شیاو بۆی.

19- گرنگیدان بە پەیوەندییەکان لەگەڵ دامەزراوە پەروەردەییە نیشتیمانیی ونێودەوڵەتیەکان و ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا لە جۆرەها پرسی پەروەردەیی، و بەپێی توانا نوێنەرایەتی کردنی هەرێم لە کۆنگرەو کۆبوونەوەو رێکخراوەکان و کۆربەندە هەرێمیی و نێودەوڵەتیەکانی خاوەن ئامانجی پەروەردەیی.

## بەشی دووەم

## پێکهاتەکانی وەزارەت

### ماددەی 122

1- وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە لە کارەکان و ئاراستەکردنی پلانەکانی و سەرپەرشتی و چاودێریکردنیان و سەرجەم بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکانی پەیوەست بەو شتانەی پەیوەندییان هەیە بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەسەڵاتەکان و سەرجەم کاروبارە هونەری و دارایی و کارگێڕی ڕێکخستنەکییەکانی لە لایەن وەزیرەوە دەردەچێت و بە سەرپەرشتی ئەو جێبەجێ دەکرێن بەپێی حوکمەکانی یاسا، ئەویش بەرپەرس دەبێت لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا وەك ئەندامێکی هاوبەرپرسیارەتی تیایدا.

2- بریکاری وەزارەت: وەزارەت یەك بریکاری دەبێت یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروباری لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی پێی رادەسپێردرێت.

3- راوێژکاران: وەزیر مافی هەیە چوار راوێژکاری هەبێت، بەرپرسێتی ئەو ئەرکانە لە ئەستۆ دەگرن کە وەزیر بەگوێرەی پێداویستییەکانی وەزارەت دیارییان دەکات، وە پێویستە هەر یەکێکیان هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بن و لە بواری پەروەردەو فێرکردندا خاوەن شارەزایی بن.

4- وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێت:

1- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری کارگێڕی و دارایی.

2- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی فێرکردنی گشتی و پڕۆگرام و تاقیکردنەوەکان.

3- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی توێژینەوەو پەرەپێدانی پەروەردەیی.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندن بە زمانەکانی سریانی، تورکمانی و زمانەکانی دیکەی جگە لە کوردی.

5- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی قوتابخانە ناحکومییەکان.

6- بەریوەبەرایەتی گشتیی پەروەردە لە پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیاندا.

7- نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر هاریکاری دەکەن.

8- نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر هاریکاری دەکەن.

**ماددەی 123**

هەر بەڕێوەبەرایەتییێکی گشتی لەو بەڕێوەبەرایەتیانەی لەسەرەوە دەقیان لەسەر کراوە، لە لایەن فەرمانبەرێك بە ناونیشانی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوە دەبرێت کەوا هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و لە بواری پەروەردەو فێرکردن یان بواری ئەکادیمیدا خاوەن شارەزایی وراژە بێت کە لە (5) ساڵ کەمتر نەبێت، دامەزراندن بۆ ماوەی (5) ساڵ دەبێت و دەشکرێت بۆ (5) ساڵی دیکە نوێ بکرێتەوە.

### ماددەی 124

1- وەزارەت بۆی هەیە هەر یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبەکانی نێو پێکهاتەکانی وەزارەت بەپێی پێداویستی کارەکانی لە کاتی پێویستیدا بێنێتەکایەوە.

2- وەزارەت بۆی هەیە پەیمانگە یان ناوەندیی ڕاهێنانی پسپۆریی جۆریی دابمەزرێنێت بەپێی پێداویستیەکانی بۆ ئامادەسازکردنی مامۆستایان لە ڕێگەی پڕۆگرامی تایبەتەوە، ئەویش دوای ڕەزامەندی سەرۆکایەتی وەزیرانەوە.

### ماددەی 125

وەزیر بۆی هەیە هەر دەسەڵاتێکی دەقکراو لەم یاسایەدا رابسپێرێتە بریکاری وەزارەت یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان ئەوەی بە گونجاوی دەزانێت لە فەرمانبەرانی وەزارەت بەو مەرجەی پێراسپاردنەکە نووسراوو دیاریکراو بێت.

### ماددەی 126

وەزیر بۆی هەیە ئەوەی بە پێویستی دەزانێت لە لیژنەی هەمیشەیی یان کاتیی پێکبهێنێت و بنەماو ڕێکسازییەکانی پێکهێنان و دەسەڵاتەکان و پاداشتی ئەندامەکانی بەپێی یاسا دیاری بکات بۆ هەڵسان بەو ئەرکانەی پێیان ڕادەسپێردرێت و بە پێشکەشکردنی ڕاوێژی هونەری و پەروەردەیی و کارگێری و یاسایی بۆ وەزیر، و هەروەها بۆی هەیە پشت ببەستێت بە شارەزاو پسپۆرو لایەنی پەیوەندار بەم مەبەستە لە دەرەوەی وەزارەتدا.

### ماددەی 127

1- وەزیر بۆی هەیە خوێندن لە قوتابخانەو پەیمانگەی سەر بە وەزارەت هەندێکی یان هەمووی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ڕابگرێت، بەو مەرجەی دەسبەجێ ئەنجومەنی وەزیران لەم بڕیارەو هۆیە پێویستکارەکانی ئەو ڕێکارانەی دەربارەیان گیراونەتەبەر ئاگادار بکاتەوە، و بە ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران درێژ دەکرێتەوە.

2- بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە لە پارێزگاکان یان ئیدارەی گەرمیان بۆی هەیە خوێندن لە قوتابخانەو پەیمانگەکاندا هەندێکی یان هەمووی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ڕابگرێت، بەو مەرجەی بەڕێوەبەری گشتی دەسبەجێ وەزارەت لەم بڕیارەو هۆیە

پێویستکارەکانی ئەو ڕێکارانەی دەربارەیان گیراونەتەبەر ئاگادار بکاتەوە، و بۆ یەك ڕۆژی سەربار بە ڕەزامەندی وەزیر درێژ دەکرێتەوە.

## بەشی سێیەم

## ئەنجومەنی وەزارەت

### ماددەی 128

1- لە دیوانی وەزارەت ئەنجومەنێك بەناوی (ئەنجومەنی وەزارەت) بە سەرۆکایەتی وەزیرو ئەندامێتی هەر یەك لەمانەی خوارەوە پێکدەهێنرێت:-

أ- بریکاری وەزارەت.

ب- ڕاوێژکارانی وەزیر.

جـ- بەڕێوەبەرە گشتییەکان.

2- سکرتاریەتی ئەنجومەن: وەزیر لە نێوان فەرمانبەرانی وەزارەت سکرتێرێك بۆ ئەنجومەن دادەمەزرێنێت، کە بەلای کەمی هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

3- سکرتێری ئەنجومەن بەم ئەرکانەی خوارەوە هەڵدەستێت:-

أ- ڕێکخستنی خشتەی کاری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن و ئاراستەکردنی بانگهێشتنامە بۆ ئەندامەکانی پێش ماوەیەکی گونجاو کە لە یەك هەفتە کەمتر نەبێت لە ڕێکەوتی بەستنی کۆبوونەوەکە.

ب- نووسینەوەی کۆنووسی دانیشتنەکان و ئامادەکردنی پووختەیەکی کورت دەربارەیان و گشتاندنی.

جـ- ناردنی ڕاسپاردەکانی ئەنجومەن بۆ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ جێبەجێکردنی پاش پەیڕەوکردنیان، و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنیان.

د- جێبەجێکردنی هەر ئەرکێك کەوا سەرۆکی ئەنجومەن بۆ ئاسانکاری کارەکای ئەنجومەن پێی ڕادەسپێرێت.

**ماددەی 129**

ئەرکەکانی ئەنجومەنی وەزارەت بریتین لە:-

1- دانانی پلانی کاری وەزارەت و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بەپێی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

2- وەرگرتنی بڕیاری پێویست لەوەی تایبەتە بە کاروباری پەروەردەو بزاڤی پرۆسەی فێرکردن بەشێوەیەکی گشتی.

3- بڕیاردانی سالنامەی خوێندن وجێگیرکردنی پشووەکانی قوتابخانە.

4- ئامادەکردنی بودجەی سالانەی وەزارەت و ئەو پێکهاتانەی پێیەوە بەستراونەتەوە، و پەسەند کردنی ژمێرە کۆتاییەکان.

5- پێشنیار کردنی دووبارە چاوپێخشانەوە بە پێکهاتەکانی وەزارەت و دامەزراوەکانی لە کاتی پێویستیدا.

6- دانانی پێشێتیی و ڕێسای گشتی بۆ بەخشینی مۆڵەتی خوێندن و نێردەو زەمالات.

7- بڕیاردانی پاڵپشتیکردنی قوتابخانە ناحکومیەکان لە چوارچێوەی پێڕەوو یاساکاندا.

8- بڕیاردانی پرۆگرامی فێرکاری و پرۆگرامەکانی خوێندن و ڕێساکانی تاقیکردنەوەکان.

9- پێشنیارکردنی پرۆژە یاساو پێشنیارکردنی هەمواری یاساکان و بڕیاردان لەسەر پێڕەوی تایبەت بە وەزارەت و هەموار کردنەوەیان.

10- گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر راپۆرتی سالانەی کارەکانی وەزارەت.

11- لێتوێژینەوەی راپۆرتی سالانەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی پەروەردەو دەربڕینی تێبینی و پێشنیار دەربارەیانەوە.

12- بڕیاردانی بەستنی گۆنگرەی پەروەردەیی بۆ پەرەپێدانی کارگێڕی و زانستی و تەکنیکی و کارکردن لەسەر پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن.

13- پەسەندکردنی یاداشتەکانی لێکتێگەیشتن و ئەو گرێبەستانەی وەزارەت یان دامەزراوەکانی لەگەڵ لایەنە نیشتیمانیی و نێودەولەتیەکانەوە دەیبەستێت.

14- لێتوێژینەوە لە گشت ئەو شتانەی وەزیر دەیانخاتەڕوو بۆ دەربڕینی بیروڕا لەسەری، و پێشکەشکردنی پێشنیارو راسپاردە دەربارەیانەوە.

## ماددەی 130

1- بڕیارەکانی ئەنجومەن بە ڕەزامەندی وەزیر وەردەگیرێن.

2- ئەنجومەن مانگانە کۆدەبێتەوەو سەرۆك یان ئەوەی رایدەسپێرێت لە کاتی ئامادەنەبوونیدا بۆی هەیە ئەگەر بە پێویستی بزانێت داوای بەستنی دانیشتن بکات.

3- سەرۆکی ئەنجومەن مافی هەیە داوای ئامادەبوونی شارەزایان یان کەسانی دیاریکراو بکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێکی دیاریکراوو مافی دەنگدانیان نابێت.

## ماددەی 131

1- لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی پەروەردە لە پارێزگاو یەکە کارگێڕیەکانی دیکە ئەنجومەنێك بەناوی (ئەنجومەنی پەروەردە لە پارێزگا)دا بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی و ئەندامێتی هەر یەك لەمانەی خوارەوە پێکدەهێنرێت:

أ- یاریدەدەرانی بەڕێوەبەری گشتی.

ب- بەڕێوەبەرانی پەروەردە لە قەزاکاندا.

جـ- نوێنەرێکی مامۆستایان و وانەبێژان.

د- نوێنەرێکی قوتابیان تەنها لە کاتی گفتوگۆکردن لەو بارانەی پەیوەستن بە قوتابیان بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

2- بەڕێوەبەری گشتی لە نێوان فەرمانبەرانی پەروەردە بڕیاردەرێك بۆ ئەنجومەنی پەروەردە دەستنیشان دەکات بەو مەرجەی، بەلای کەم، هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و دەبێتە بەرپرس لە نووسینەوەی کۆنووسی دانیشتنەکان و گشتاندن و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنیان.

3- سەرۆکی ئەنجومەنی پەروەردە لە پارێزگادا مافی هەیە یەکێك لە ئەندامەکانی رابسپێرێت تا لە کاتی ئامادەنەبوونیدا نوێنەرایەتی بکات.

## ماددەی 132

ئەنجومەنەکانی پەروەردە لە پارێزگاو یەکە کارگێڕییەکانی دیکەدا ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرنە ئەستۆ:-

1- پێشنیارکردنی ئاراستە گشتییەکانی پلانی پەروەردەیی لە پارێزگادا.

2- گفتوگۆکردن لە کێشە کارگێڕی و هونەرییەکانی فێرکردن.

3- پێشنیارو دابەشکردنی بودجە بەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە لە قەزاکان و پێداچوونەوەی ژمێرە کۆتاییەکان.

4- دابەشکردنی مامۆستاو وانەبێژان بەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە.

5- تێڕوانین لەو پرسانەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە لە قەزاکاندا دەیانخەنەڕوو.

6- بەرزکردنەوەی ئەو پێشنیارانەی کەوا دەبنە هۆی چاکترکردنی بزاڤی کاروباری پەروەردە و فێرکردن بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمدا بۆ وەزارەت بۆ تێڕوانین یەکلایی کردنەوەیان.

7- بەدواداچوونی ئەو پلان و پڕۆژانەی وەزارەت دایاندەنێت و کارکردن لەسەر مسۆگەرکردنی جێبەجێکردنیان لە لایەن کارگێری خۆجێیی و پێشکەش کردنی راپۆرتی ناوبەناو بۆ وەزارەت دەربارەیانەوە.

8- پێشنیارکردنی کردنەوەی قوتابخانەی نوێ یان داخستنی قوتابخانە بەگوێرەی پێداویستیەکانی بەرژەوەندی گشتی و بوونی بودجەوە.

## ماددەی 133

1- بڕیارەکانی ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگادا بە رەزامەندی سەرۆك وەردەگیرێن.

2- دەکرێت کەسانی سەربار بۆ ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگا جگە لەوانەی لەسەرەوە باسکراون بانگەشە بکرێن لەوانەی خاوەن شارەزایین لەو بوارانەی بابەتی توێژینەوەن لە ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگادا بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە بیروڕاو شارەزاییان و مافی دەنگدانیان نابێت.

3- ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگا مانگانە کۆدەبێتەوە، وە سەرۆکەکەی یان جێگرەکەی لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا بۆی هەیە ئەگەر پێویست بێت داوای بەستنی دانیشتن بکات.

## ماددەی 134

1- ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگا کە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیەکەدا نینە دەخرێنە بەردەم وەزیر بۆ پەسەند کردنی لە ماوەی پازدە رۆژ لە رێکەوتی هاتنی بۆ وەزارەت، وە بە کۆتایی هاتنی ئەم ماوە باسکراوە بە پەسەندکراویی هەژمار دەکرێن.

2– لە کاتی نارەزایی وەزیر لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگا، ئەوا پێویستە لەسەری بە نووسین تێبینیەکانی خۆی لەسەر دەربڕێت دەربارەی ئەو خاڵانەی لەسەریان نارازییەو بۆی هەیە داوای دووبارە تێڕوانینی بکاتەوە لە لایەن ئەنجومەنەوە.

3– ئەو بڕیارانەی وەزیر نارازی دەبێت لەسەریان دووبارە دەخرێنەوە بەردەمی ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگا لە یەکەم دانیشتنی دوای ئەم پرسە، وە ئەگەر لەسەری سووربوون ئەوا لەگەڵ پاساوەکان بۆ وەزیر دەگەڕێندرێنەوە بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەریان یاخود ناردنی بۆ ئەنجومەنی وەزارەت بۆ تێڕوانینی و بڕیاری ئەنجومەن کۆتایی دەبێت.

## دەروازەی دوازدەم

## دەستە فێرکاریی و کارگێڕییەکان

### ماددەی 135

1– هەر باخچەیەکی ساوایان بەڕێوەبەرو جێگری بەڕێوەبەرو مامۆستاو رابەری پەروەردەیی و فەرمانبەری دیکەی دەبێت.

2– هەر قوتابخانەیەکی فێرکردنی بنەڕەت بەڕێوەبەرو جێگری بەڕێوەبەرو مامۆستاو رابەری پەروەردەیی و رابەری خوێندن و فەرمانبەری دیکەی دەبێت.

3– هەر قوتابخانەیەکی ئامادەیی بەڕێوەبەرو جێگری بەڕێوەبەرو مامۆستاو رابەری پەروەردەیی و رابەری خوێندن و فەرمانبەری دیکەی دەبێت.

4– دەکرێت دەست لە هەندێك لەم بڕگانەی سەرەوە هەڵبگیرێت ئەگەر باخچەی ساوایان یان قوتابخانەکە بچووك بوو.

5– هەر پەیمانگەیەك بەڕێوەبەرو جێگری بەڕێوەبەرو مامۆستاو رابەری خوێندن و فەرمانبەری دیکەی دەبێت.

### ماددەی 136

1– مەرجە لەو کەسەی بە مامۆستا لە باخچەی ساوایان دادەمەزرێت هەڵگری لێهاتوویی پەروەردەیی بێت کەمتر نەبێت لە بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بە تایبەتیش کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەت، وە دەکرێت لە حاڵەتی پێویستیدا ئەوەی هەڵگری لێهاتوویی پەروەردەییە کە ماوەی خوێندنەکەی لە دوو ساڵی دوای خوێندنی ئامادەیی کەمتر نیە یان لە پێنج ساڵی دوای خوێندنی بنەڕەت کەمتر نیە دابمەزرێت.

2– مەرجە لەو کەسەی بە مامۆستا لە قوتابخانەکانی بنەڕەت دادەمەزرێت هەڵگری لێهاتوویی پەروەردەیی بێت کەمتر نەبێت لە بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بە تایبەتی کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەت.

3– مەرجە لەو کەسەی بە مامۆستا لە قوتابخانە ئامادەییەکان دادەمەزرێت هەڵگری لێهاتوویی پەروەردەیی بێت کەمتر نەبێت لە بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی.

4– مەرجە لەو کەسەی بە مامۆستا لە پەیمانگە دادەمەزرێت هەڵگری لێهاتوویی پەروەردەیی بێت کەمتر نەبێت لە بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی.

5– مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی تەنها پسپۆری خۆیان دەڵێنەوە.

## ماددەی 137

دەکرێت هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی کە لە ڕووی پەروەردەییەوە لێهاتوو نینە لەو پسپۆڕیانەی لە قوتابخانەکانی بنەڕەت یان ئامادەیی دەخوێندرێن بە مامۆستا دابمەزرێنرێن، بەو مەرجەی وەزارەت ئامادەسازکردنیان لە ڕێگەی خولی پەروەردەیی لە ماوەی ساڵی یەکەمی دامەزراندنیاندا لە ئەستۆ بگرێت.

## ماددەی 138

وەزارەت مافی هەیە گرێبەست بکات لەگەڵ دەرچووانی زانکۆو پەیمانگە ئەوانەی هەڵگری لێهاتوویی پەروەردەیینە کە ماوەی خوێندنیان کەمتر نیە لە دوو ساڵ پاش خوێندنی ئامادەیی یان پێنج ساڵ پاش خوێندنی بنەڕەت بە کرێی مانگانەی بڕاوە وەك وانەبێژو مامۆستا لەو قوتابخانانەی کارمەندی فێرکارییان کەمە بۆ پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکان و بە گوێرەی پێویستی.

## ماددەی 139

دەکرێت لە کاتی پێویستیدا دەرچووانی پەیمانگە هونەرییەکانی پسپۆر کە خوێندن تیایدا لە دوو ساڵ پاش ئامادەیی کەمتر نیە وەك مامۆستای پیشەسازیی دابمەزرێن.

## ماددەی 140

لە حاڵەتی بوونی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پۆڵدا پێویستە مامۆستای خاوەن لێزانیی پەروەردەیی تایبەت دابمەزرێنرێت.

## ماددەی 141

کەسێك بۆ یەکەمجار لە وەزارەتی پەروەردە دانامەزرێت ئەگەر بە تاوانێك حوکم درابێت سزاکەی لە (6) مانگ تێپەر بکات.

## ماددەی 142

پێویستە ژمارەی مامۆستایان و وانەبێژان لەگەڵ ژمارەی قوتابیان لە سەرجەم دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومی و تایبەتەکان بگونجێت بەشێوەیەك بتوانن بە کارەکانیان هەڵسن و پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن سەرکەوتوو بکەن. پێویستە وەزارەت لەم بارەیەوە رێنمایی دەربکات.

## ماددەی 143

دەسبەکاربوونی وانەبێژ یان مامۆستا لە نیوەی دووەمی ساڵی خوێندن بە ساڵێکی خوێندنی تەواو دانانرێت لە کاتی هەژمارکردنی راژەدا.

## ماددەی 144

ئەرکەکانی بەڕێوەبەر:

1– هەوڵدان بۆ دوستکردنی کەشێکی خوێندنی لەبار کەوا بەشدار بێت لە دەستەبەر کردنی ئامانجەکانی خوێندنی قوتابیان.

2– مسۆگەر کردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردەیی بەشێوەیەکی باش.

3– بەڕێوەبەر کار دەکات بۆ مسۆگەر کردنی سەلامەتی قوتابیان و گشت کارمەندان لە چوارچێوەی بنکەی خوێندندا.

4– بەڕێوەبەری کارگێڕی یەکەم خاوەنی بڕیاری کۆتاییە لە باخچەی ساوایان/ قوتابخانە/ پەیمانگە.

5– وەزارەت مافی هەیە رێنمایی دەربارەی ئەرکەکانی بەڕێوەبەر جگە لەوانەی لەسەرەوە باسکراون دەربکات.

## ماددەی 145

ئەرکەکانی جێگری بەڕێوەبەر:

ئەرکی سەرەکی جێگری بەڕێوەبەر بریتیە لە یارمەتیدانی بەڕێوەبەر لە ئەرکەکانیدا.

**ماددەی 146**

ئەرکەکانی مامۆستا یان وانەبێژ:

1- ئەرکی سەرەکی مامۆستا بریتیە لە وانەپێدانی قوتابیان و بەشداریکردن لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و گەشەکردنیان بەگوێرەی ئامانجەکانی خوێندن.

2- وەزارەت مافی هەیە ڕێنمایی دەربارەی ئەرکەکانی مامۆستا جگە لەوانەی لەسەرەوە باسکراون دەربکات.

**ماددەی 147**

ئەرکەکانی رابەری پەروەردەیی:

1- ئەرکی سەرەکی رابەری پەروەردەیی بریتیە لە ڕێنوێنی کردنی پەروەردەیی قوتابیان لەوەی پەیوەستە بە تەنگ و چەلەمەو کێشەکانیان.

2- وەزارەت مافی هەیە ڕێنمایی دەربارەی ئەرکەکانی رابەری پەروەردەیی جگە لەوانەی لەسەرەوە باسکراون دەربکات.

**ماددەی 148**

ئەرکەکانی رابەری خوێندن:

1- ئەرکی سەرەکی رابەری خوێندن بریتیە لە یارمەتیدانی قوتابیان لەوەی پەیوەستە بە خوێندن و بەردەوامبوون لە خوێندن و بوونی دەرفەتەکانی کار لەدوای دەرچوونەوە.

2- وەزارەت مافی هەیە ڕێنمایی دەربارەی ئەرکەکانی رابەری خوێندن جگە لەوانەی لەسەرەوە باسکراون دەربکات.

**ماددەی 149**

پێویستە لەسەر وەزارەت دوای پەسەندکردنی ئەنجومەنی وەزیران، بڕیار دەربارەی نزمترین ئاست و بەرزترین ئاستی مووچە ئەوەی لەنێوانیان دایە بۆ هەر توێژێك کە لە لایەن وەزارەتەوە دیاری کراوە دەربکات. وە پێویستە بڕوانامەو شارەزاییەکان لەبەرچاو بگیرێن.

**ماددەی 150**

1- مامۆستا یان فەرمانبەری دامەزراو لە میلاکی وەزارەت مافی مۆڵەتی هەیە بە هەموو جۆرەکانیەوە بەگوێرەی یاسای راژەی مەدەنی، بەبێ ئەوەی پلەکەی یان پۆستەکەی پاس دەسبەکاربوونەوەی لە دەستی بدات.

2- دەکرێت داوا لە وەزارەت بکرێت بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی بێ مووچە، وە داواکە جێبەجێ دەکرێت ئەگەر کارنەکاتە سەر شوێنی کار. پێویستە وەزارەت لەم بارەیەوە ڕێنمایی دەربکات.

**ماددەی 151**

1- پێویستە لەسەر وەزارەت توانای پێویست تەرخان بکات و دەرفەت بۆ مامۆستاو رابەرو بەڕێوەبەران برەخسێنێت بۆ بەشداریکردن لە خولی پەرەپێدانی لێزانییە پیشەییەکان.

2- هەر مامۆستاو وانەبێژو رابەرو بەڕێوەبەرێك مافی هەیە بەشداری بکات لە خولەکانی پەرەپێدانی لێزانییەکان بۆ ماوەیەك سالآنە لە (25) کاژێر کەمتر نەبێت.

3- پێویستە لەسەر وەزارەت لەم بارەیەوە رێنمایی دەربکات.

**ماددەی 152**

1- هەڵگرانی بڕوانامەی بالآ (ماستەرو دکتۆرا یان ئەوەی هاوتایانە) لە کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە سەرجەم ئەو ماف و ئیمتیازاتانەیان هەیە کە هاوشانەکانیان لە زانکۆو دەستەکانی پەیمانگە تەکنیکیەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی بالآو توێژینەوەی زانستی بە گوێرەی یاسای راژەی زانکۆیی ژمارە (23)ی ساڵی 2008، هەیانە.

2- هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا کە یاسای راژەی زانکۆیی دەیانگرێتەوە بە مامۆستا هەژمار دەکرێت و هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بە مامۆستای یاریدەدەر هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە کۆلێژو پەیمانگە هاوشێوەکانی پسپۆڕییان بۆ وەرگرتنی پلەی زانستی بڕیاردراو بەپێی رێنماییەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی و راژەی زانکۆییان کە بەر لە بەرکاربوونی ئەم یاسایەدا پێشکەشیان کردووە بۆ مەبەستەکانی بەرزکردنەوە بۆ پلەی زانستی دواتر بۆیان دەخولێندرێتەوە.

3- مامۆستایانی پەیمانگەکانی راهێنان ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بالآن هەمان مامەڵەی هاوشانەکانیان لە زانکۆو دەستەی پەیمانگە تەکنیکیەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی بالآو توێژینەوەی زانستی بەگوێرەی یاسای راژەی زانکۆیی ژمارە (23)ی ساڵی 2008 لە وەی پەیوەستە بە ماف و ئیمتیازاتەکان، بۆ دەکرێت.

## الباب الثالث عشر

## جهاز تفتيش وتقييم النظام التعليمي

**المادة 153**

أهداف الجهاز:

يهدف الجهاز إلى تقوية وتقييم وتطوير النظام التعليمي في الإقليم بموجب قانون التربية والتعليم لغرض توفير المزيد من المنافع لأطفال وطلبة الإقليم.

**المادة 154**

مهام الجهاز:

1- تفتيش ومتابعة المدارس والمعاهد لضمان مستواها العلمي وأسلوب العمل فيها.

2- العمل من أجل الاستفادة والاهتمام بتلك البحوث التي تنجز في إقليم كوردستان وفي الخارج حول تطوير النظام التعليمي.

3- استلام شكاوى الطلبة والأشخاص الآخرين حول النظام التعليمي والتحقيق فيها واتخاذ القرارات بشأنها خلال ثلاثة أشهر لغرض المتابعة والتقييم. ويجب عدم نشر اسم المشتكي.

4- العمل من أجل تسجيل إحصاءات إقليمية حول النظام التعليمي.

5- العمل من أجل تطوير التربية المدنية.

6- التأكيد على ممارسة المدارس لأعمالها وفق القوانين والأنظمة والتعليمات.

7- إعداد تقارير سنوية خاصة بضمان الجودة ومستوى التربية والتعليم في مدارس إقليم كوردستان ورفعها إلى البرلمان ومجلس الوزراء والوزارة.

## المادة 155

يرتبط الجهاز بمجلس الوزراء، ويصدر له تعليمات خاصة.

## المادة 156

1- يكون للجهاز هيئة للإدارة تتشكل من رئيس الجهاز، نائب الرئيس، مسؤول المديريات، مسؤول دوائر المحافظات والوحدات الإدارية.

2- تقوم هيئة الإدارة سنوياً بصياغة خطة أعمال الجهاز.

3- يرتبط المشرفون التربويون والاختصاصيون بهذا الجهاز.

## المادة 157

يتكون الجهاز من خمسة مديريات:

1- مديرية التفتيش والتقييم واستلام الشكاوى.

2- مديرية التطوير والخبرة العالمية.

3- مديرية الإحصاء والعمل الرسمي.

4- مديرية المحاسبة والمالية.

5- مديرية الشؤون الإدارية والقانونية.

**المادة 158**

1- يتم تعيين رئيس الجهاز ونائبه من قبل مجلس الوزراء لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة فقط.

2- يحق لكل شخص له خبرة في مجال النظام التعليمي ويكون مستوفياً لشروط القبول أن يقدم سيرته الذاتية (CV) لتولي منصب رئيس الجهاز بشرط أن يكون حاملاً لشهادة جامعية أولية وعمل في المجال التعليمي مدة لا تقل عن (5) سنوات وعمل في مجال الإشراف مدة ثلاث سنوات.

**المادة 159**

1- يكون تعيين المدراء عن طريق تقديم السير الذاتية (CV) ويتم إعلان الوظائف مسبقاً في الجرائد.

2- يحق لكل شخص تقديم سيرته الذاتية (CV) بشرط أن يكون حاملاً لشهادة جامعية أولية وعمل في مجال التعليم مدة (5) سنوات.

**المادة 160**

يتم إدارة الأعمال اليومية للجهاز من قبل رئيس الجهاز.

**المادة 161**

تتألف عملية تقييم النظام التعليمي من أربع خطوات:

1- التحضيرات.

2- الزيارات.

3- التحليل والتحقيق وكتابة التقرير الرسمي للجهاز.

4- النتائج.

**المادة 162**

مجالات التقييم:

إن مجالات التقييم بموجب قانون التربية والتعليم مجالات شاملة. وتستمد من أهداف ومهام الجهاز، وهي:

1- العلم والمستوى العلمي.

2- أسلوب العمل، دور وقدرات المعلم.

3- المرشد والإرشاد.

4- أطمئنان وسعادة الطفل والطالب.

5– مستوى نشاط الطلبة في العملية التعليمية.

6– مستوى معرفة ومشاركة الطالب في نشاطات وخطط العمل داخل المدرسة بموجب قانون التربية والتعليم.

7– العلاقات مع سوق العمل والمؤسسات الرسمية في المرحلة الإعدادية.

8– أي مجال آخر يخدم عملية التقييم.

### المادة 163

يجب إرسال تقارير التقييم الرسمية للجهاز إلى البرلمان، ومجلس الوزراء، والمجلس الأعلى للتربية، ووزارة التربية. كما يجب التعامل معها بصورة علنية والسماح لكل شخص يريد الحصول عليها من الجهاز للإطلاع عليها. وتتم فقط كتابة اسم الروضة أو المدرسة أو المعهد في التقرير. ويتم نشر التقرير للرأي العام في الموقع الإلكتروني للجهاز.

### المادة 164

إذا لم يتم وضع الحلول لنقاط الضعف من قبل الروضة أو المدرسة أو المعهد خلال مدة ثلاث أشهر وبعد التذكير وتمديد المدة لمرة واحدة، يجوز للجهاز أن يقترح للوزارة عزل مدير الروضة أو المدرسة أو المعهد أو الأشخاص والجهات المسؤولة فوق المدير.

### المادة 165

للجهاز أن يقترح للوزارة إيقاع العقاب الاقتصادي على الروضة أو المدرسة غير الحكومية إذا لم تضع الروضة أو المدرسة خلال مدة ثلاثة أشهر الحلول المناسبة لنقاط الضعف بموجب تقرير تقييم الجهاز.

### المادة 166

على الجهاز التعاون قدر الإمكان مع وزارة التربية.

### المادة 167

تخصص ميزانية الجهاز عن طريق الميزانية العامة للإقليم.

### المادة 168

على الجهاز قبل نهاية شهر شباط تقديم التقارير السنوية لأعماله ونشاطاته واقتصاده إلى مجلس الوزراء. ثم يقوم الجهاز بعد ذلك بمدة شهر بنشرها على موقعه الإلكتروني.

## دەروازەی چواردەم

# حوكمی دارایی و گشتی

## بەشی یەكەم

## حوكمی دارایی

### ماددەی 169

داهاتە داراییەكانی وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێكدێت:-

1- ئەوەی لە بودجەی گشتی هەرێمدا بۆی تەرخان دەكرێت.

2- بەخشین و پیتاك و پێبەخشین و وەقف و وەسیەت بۆ مەبەستەكانی بیناكردنی قوتابخانە یان پەرەپێدانی یان فراوانكردنی یان چاككردنەوەی یان دابینكردنی پێداویستیەكانی ناوەوەی.

3- بەخشین و پیتاك و پێبەخشینەكانی دەرەوە پاش وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

4- داهاتەكانی وەزارەت لەو چالاكیە جۆراوجۆرانەی كە ئەنجامی دەدات.

5- هەر داهاتێكی دیكەی كە بە یاسا تەرخان بكرێت.

### ماددەی 170

ئەو كەرەستەو ئامێرانەی وەزارەت بۆ مەبەستەكانی پەروەردەیی هاوردەیان دەكات یان بۆ هەمان مەبەست بۆ بەدیاری دەكرێت لە رسوماتی گومرگی دبوردرێت.

### ماددەی 171

1- نابێت هیچ رسوماتێك بخرێتە سەر قوتابی تەنها بە یاساوە نەبێت، و قەدەغەیە لەسەر ئیدارەی قوتابخانەكان هیچ رسوماتێكی قوتابخانە بەپێچەوانەی ئەوەی لە یاسادا بڕیاردراوە وەربگرن، و وەرگرتنیش بەپێی رێنمایی دەبێت كە لە لایەن وەزارەتی دارایی هەرێمەوە دەردەكرێت.

2- پێویستە لەسەر بەخێوكار/ قوتابی كە زیانێكی بەئەنقەست بە (قوتابخانە/پەیمانگە) دەگەیێنێت قەرەبووی ئەو زیانە بكاتەوە.

### ماددەی 172

ئەو کارە بەرهەمهێنراوانەی کە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومیەکانی سەر بە وەزارەت بەرهەمی دەهێنن دەفرۆشرێن، و داهاتەکانی لە ژمێرەی بەخشینەکانی قوتابخانە پاش داشکاندنی بەهای تێچوونەکانی بەرهەمێنان تۆمار دەکرێن، و بە ڕێژەی (50٪)ی بۆ مەبەستەکانی پەرەپێدانی راهێنان و فێرکردنی پیشەیی بەرهەمهێنەر لە قوتابخانەدا دابەش دەکرێت، و (50٪)ی دیکەی وەك پاداشت بۆ قوتابی و کارمەندانی ئەو قوتابخانەیە دابەش دەکرێت و ئەم سەرف کردنەش بەپێی ڕێنمایی دەبێت کە وەزارەت بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات.

**ماددەی 173**

**یەکەم**: دەکرێت پارە لەم کارو خزمەتگوزارییانەی خوارەوە کە وەزارەت پێشکەشیان دەکات وەربگیرێن:

1- هاوتاکردنی بڕوانامەکان.

2- ووربینیکردن و وەرگێڕانی بەڵگەنامەکان.

3- دانەی سەرباریی بەڵگەنامەکان.

**دووەم**: بڕی ئەو پارانەی لەم کارو خزمەتگوزارییانەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا دەقیان لەسەر کراوە وەردەگیرێن بەرێنمایی دیاری دەکرێت پاش خستنەڕووی لەبەردەم ئەنجومەنی وەزارەتدا.

**ماددەی 174**

وەزارەت بۆی هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پسپۆڕ لە هەرێمدا کرێی یەك وانەووتنەوە لە قوتابخانەکانی وەزارەت و پەیمانگەو خولەکانی پەروەردەیی و ئامادەسازیی و راهێنان تیایاندا دیاری بکات.

**ماددەی 175**

پاڵپشتیکردنی دارایی مانگانە بۆ قوتابیان دەبێت بەپێی ڕێنمایی پاش ڕەزامەندی وەزارەتی داراییەوە.

## بەشی دووەم

## حوکمی گشتی

**ماددەی 176**

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێم بۆی هەیە نێردراوی زانستی بۆ دەرەوەی هەرێم و عێراق شاندبکات، وە نێردراوە زانستیەکان بۆ هەرێم قەبول بکات.

**ماددەی 177**

وەزارەت بۆی هەیە مەدالیای پەروەردە ببەخشێتە مامۆستاو وانەبێژان یان کارمەندانی بواری پەروەردە، وە بە ڕێنمایی دیاری دەکرێت کە وەزارەت دەری دەکات.

**ماددەی 178**

دەکرێت مولکەکانی وەزارەت لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان بفرۆشرێن و بەکرێ بدرێن.

**ماددەی 179**

وەزارەتەکانی دیکەی خاوەن مۆرکیی پسپۆڕی لە هەرێمدا بۆیان هەیە قوتابخانە یان پەیمانگەی فێرکاریی بەپێی پێویستیەکانیان و بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دابمەزرێنن، وەزارەتیش بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سەرپەرشتیان دەکات.

**ماددەی 180**

دامەزراوەکانی شارەوانی و فەرمانگەکانی دەوڵەت لە پارێزگاکاندا دابینکردنی پارچە زەوی پێویست بۆ دروستکردنی باخچەی ساوایان و قوتابخانە بە سەرجەم قۆناغەکانی و پەیمانگەو باڵەخانە پەروەردەییەکانی دیکە لە ئەستۆ دەگرن، و لە حاڵەتی نەبوونی ئەوا وەزارەت بە هەماهەنگی و ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان بۆی هەیە زەوی گونجاو استملاك بکات یان بیکرێت پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، بەو مەرجەی نرخەکانیان لە لایەن حکومەتەوە لە دەرەوەی بودجەی وەزارەت بدرێتەوە.

**ماددەی 181**

وەزارەت مافی هەیە ڕەفتارکاریی بکات بەو زەوییانەی هی دەوڵەتن و بینای قوتابخانەی لە سەر کراوە یان ئەو زەوییانەی بۆ مەبەستەکانی پەروەردەیی تەرخان کراون لە ڕووی بیناکردن یان تێکدان و دووبارە بیناکردنەوە یان نۆژەنکردنەوەی پشت بەستوو بە پلانی دەستەی پلاندانانی ئاوەدانیی بەپێی ڕێکارە فەرمیەکان، و خاوەنداریێتی ئەم بیناو زەوییانە بۆ وەزارەت دەگەڕێتەوە.

**ماددەی 182**

وەزارەت بۆی هەیە ڕەزامەندی بدات لەسەر کردنەوەی حانوتی قوتابخانە لەو قوتابخانەو پەیمانگەو دامەزراوە فێرکارییانەی سەر بە وەزارەتی پەروەردەن بەگوێرەی پێویستی و بەپێی ئەو ڕێکسازییانەی بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات.

### ماددەی 183

وەزارەت مۆڵەتی پەیمانگە ئەهلیەکان بۆ فێرکردنی زمانی بیانی یان فێرکردنی پیشە یان بۆ خولەکانی بەهێزکردنی وانەکانی پرۆگرامی قوتابخانە و نوێکردنەوەیان دەبەخشێت.

### ماددەی 184

1- وەزارەت مافی هەیە ڕێگەبدات بە کۆمپانیای فێرکاریی ناحکومی مافی ڕەفتکارکردنیان هەبێت لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەی حکومی، بەو مەرجەی فێرکردنەکە بەخۆڕایی بێت.

2- پێویستە لەسەر وەزارەت لەم بارەیەوە ڕێنمایی دەربکات لەپێناو بەڕێوەبردنیاندا.

### ماددەی 185

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

### ماددەی 186

وەزارەت بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

### ماددەی 187

یاسای وەزارەتی پەروەردەی ژمارە (4)ی ساڵی 1992و هەموارکردنەکانی هەڵدەوەشێندرێتەوەو بەڵام ئەو پێڕەوو ڕێنماییانەی بەگوێرەیەوە دەرکراون بەبەرکاری دەمێننەوە تاوەکو دەرکردنی ئەوەی جێگەیان دەگرێتەوە یان هەڵیان دەوەشێنێتەوە، بەمەرجێك لە یەك ساڵ تێپەڕ نەکات.

### ماددەی 188

کار بە هیچ یاسایەك یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

### ماددەی 189

وەزارەت لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بەگوێرەی حوکمەکانی کار دەکات.

**ماددەی 190**

پێویستە لەسەر گشت دامەزراوە فێرکارییەکان لە ماوەیەك لە شەش مانگ لە ڕێکەوتی دەرچوواندنی ئەم یاسایەدا تێپەڕ نەکات پابەند بن بە حوکمەکانی ئەم یاسایە.

## الأسباب الموجبة

بغية تنظيم مجال التربية والتعليم على أساس مجموعة قواعد ومبادئ قانونية تضمن إيجاد نظام تربوي وتعليمي قادر على تنشئة فرد ومجتمع محب للعلم وواعي ومبدع ومتربي على قيم وسلوك مدني وإنساني وديمقراطي، وكذلك من أجل تجديد عملية التربية والتعليم في إقليم كوردستان وتنميتها بحيث تصبح سبباً لتطوير القدرات البشرية واستخدامها من أجل المزيد من الرفاهية للفرد والمجتمع وتعزيز الهوية القومية والوطنية وإغناء تراث وثقافة شعب إقليم كوردستان، فقد شرع هذا القانون.